

# بیابان



گوڵی بیابان



خاچی
توارێگەکان



گوڵنکەی جلی
منداڵانی ئۆزبەکستان



پارچەی زینی حوشتری
ئۆزبەکی






شەقشەقەی منداڵانی
هیند



دەلەی قاوەی
کۆچەرییە ئەردەنیەکان





# بیابان

**وەرگێڕان**
**گروپی وەرگێڕانی ئامادەیی ڕەنگین**
سۆنیا ئەحمەد

**بەسەرپەرشتی**
م. کۆسار عەبدوڵڵا



**خەنجەری توارێگەکان**



**خەنجەری توارێگەکان**



**حوشتری یەککۆپارە**

بەرهەمی دەزگای
DK

**نووسینی**
میراندا ماکوایتی

**وەرگێڕان**
سۆنیا ئەحمەد

**پێداچوونەوە**
ڕامیار ئیسماعیل
کۆسار عەبدوڵڵا

**دیزاینی بەرگ**
سەرمەند سەلیم

**دیزاینی ناوەوە**
کۆسار عەبدوڵڵا

**نۆرەی چاپ**
چاپی یەکەم 2021

**نرخ**
4000

**تیراژ**
1000 دانە


کولەکەیەک بۆ گواستنەوەی ئاو و خۆراک


چەقۆیەکی کۆن


کۆبرای سووری ژەهرفڕێدەر


خەنجەری دەشتەکییەکان


بووکەڵەی هۆپییەکان


ژن و پیاوێکی دەشتەکیی ئەردەن



ملوانکەی ناڤاجۆکان
کە لەسەر شێوەی گوڵی کولەکەیە




ملوانکەی شاڵاکۆی
زونییەکان

# ناوەڕۆک


بیابان چییە 7
بیابان لە چی پێکهاتووە 8
بیابانی بەردین 10
دەریایەک لە لم 12
ئاو لە بیابانەکان 14
پاش باران 16
چۆن ڕووەکەکان بەرگەی بیابان دەگرن 18
سوبێر و ڕووەکە ئاودارەکانی دیکە 20
مێرووەکان 22
مێروو و هەشتپێکان 24
خشۆکەکان 26
قۆڕیەکان 28
باڵندەکان 30
شیردەرەکان 32
شیردەرە گەورەکان 34
خۆگونجاندن لەگەڵ ژیانی بیابان 36
کەشتی بیابان 38
تاقمی حوشتر 40
ئاژەڵە ماڵییکراوەکان 42
شوێنێک بۆ ژیان 44
خواردن و خواردنەوە 46
جلوبەرگی پیاوان 48
تاقمی پیاوان 50
جلوبەرگی ژنان 52
بووکەکانی بیابان 54
خشڵ و گەوهەر 56
ڕستن و چنین 58
هونەر و کارە دەستییەکان 60
گەڕان بەناو بیابانەکاندا 62

## زەوی وشک

کاتێک زەوییەک وشک دەبێتەوە، لەدوای خۆی زەوی درز و قڵیش بەجێ دەهێڵێت. ئەمە بەشێکە لە مێرگی ئەزرەقی ئەردەن کە تەواو وشک بووە. لەگەڵ زیادبوونی دانیشتوانی بیابانەکە، ئاوی مێرگ و بیرەکان (لاپەڕە 14) خواستێکی زۆرتریان لەسەرە.




### بیابانەکانی جیهان

سەرەکیترین گورزەی بیابانەکان دەدۆزرێنەوە لە خولگەی قرژاڵ لە نیوەگۆی باکووری زەوی و لە خولگەی کارژۆڵەی نیوەگۆی باشووری زەوی. لە گەرمترین بیابانەکاندا پلەی گەرمی هەوا، دەگاتە زیاتر لە 50 پلەی سیلیزی (122 ف) و پلەی گەرمی خاکەکەش دەگاتە زیاتر لە 80 پلەی سیلیزی (176ف).

### گەردەلولی لمین

ڕەشەبا یەکێکە لە تایبەتمەندییەکانی بیابان، چونکە ڕووەکێکی کەم هەیە و بەربەست لەبەردەم بادا دروست نەبووە، بەمەش لمە وشکەکان بەئاسانی هەڵدەگیرێن و گەردەلوولی لمین دروست دەکەن. لمە خولاوەکە دەکرێت ئەوەندە زۆر بێت کە ئاسمان تاریک بکات و نەتوانیت زۆر سەرووی خۆت ببینیت.






ئەمە تەمەنی زیاتر لە چوارهەزار ساڵە.

## پاشماوە دێرینەکان


بیابانەکان شوێنێکی باشن بۆ دۆزینەوەی شوێنەوار، چونکە ڕووەکێکی کەمی لێیە کە نایانشارێتەوە، هەروەها بەردەوام با ڕووی سەرەوەی خاکەکە ڕادەماڵێت. ئەم بەردانە وەک نوکی تیر بۆ ڕاوکردنی باڵندە و شیردەرە بچووکەکانی بیابان بەکار هێنراوە. ئەمەش ئەوە دەردەخات کە ڕۆژانێک ئەم بیابانە شوێنێکی دەوڵەمەندی ڕاوکردن بووە.

# بیابان چییە؟



لەگەڵ بارانێکی کەم و پلەی گەرمی زۆر بەرز، بیابانەکان یەکێکن لە وشکترین و سەختترین ناوچەکانی سەر زەوی. بیابان بە تەواوی پێناسە کراوە بە شوێنێک کە بارانبارین تێیدا کەمترە لە 25 سم (10 ئینچ) لە ساڵێکدا. بیابانە گەرمەکان دەکەونە دەوروبەری هێڵی کەمەرەیی و لەو ناوچانەن کە سیستەمی بای زەوی هەوریان بۆ ناهێنێت، ئەمەش واتای ئەوەیە کە هیچ هەورێک نییە تا سێبەر بۆ زەوییەکە دروست بکات و بەمەش زەوییەکە لە ڕۆژەکانی هاویندا زۆر گەرم دەبێت. پاشان لە شەودا دوای ئەوەی گەرمییەکە دەگەڕێتەوە بۆ بەرگە هەوای زەوی، وردەوردە فێنک دەبێتەوە.

ئەو بیابانانەی لە هێڵی کەمەرەییەوە زۆر دوورن، بیابانی فێنک و ساردن. پێکهاتەی خاکیش بەردەوام کاریگەری لەسەر باران بارین دەبێت. هەندێک لە بیابانەکان زۆر فراوانن بۆ نمونە بیابانەکانی ئوستراليا، لەوێ کاتێک با لە دەریاوە دێت، هەتا دەگاتە ئەوێ هەموو شێداریەکەی لە دەست داوە، لەو بیابانانەش کە دەکەونە نزیک چیاکانەوە، لە چیاکەدا هیچ بارانێک لە هەوادا نامێنێتەوە و هەمووی دەبێت بە باران و ناگاتە بیابانەکە.










## بەفر و تەم

تەمومژ زیاتر لە بیابانە کەنارییەکاندا باوە، وەک بیابانەکانی (ئاتاکاما) لە چیلی و (نامیب) لە باشووری ڕۆژئاوای ئەفریقا. بەدرێژایی کەنارەکان ئاوێکی سارد هەیە، ئەمەش هەواکەی دەوروبەری سارد و شێدار دەکات و شێی ناو هەواکە لە شێوەی تەمومژدا چڕ دەبێتەوە. تەم سەرچاوەیەکی سەرەکییە بۆ دابینکردنی ئاو، بەڵام لە بیابانی نامیب (سەرەوە لای چەپ) تەنها 60 ڕۆژ لە ساڵێکدا، هەور بوونی هەیە، لەکاتێکدا لە بیابانەکانی دەوروبەری دەریا کە تەم تێیاندا زۆرە، دەکرێت لە وەرزی زستاندا بەفری تێدا ببارێت، وەک بیابانەکانی حەوزی مەزن لە ئەمریکا (سەرەوە لای ڕاست). تەنانەت لە بیابانە گەرمەکانیشدا، دەکرێت لە زستاندا سەهۆڵبەندان ڕوو بدات.



## ئاووهەوا لە ڕابردوودا

پاشماوەی بەبەردبووی جۆرێک لە ئەسپی ئاویی بچوک دۆزراوەتەوە لە بیابانی عەرەبیدا. ئەو بەبەردبووە ئەوە نیشان دەدات کە 6 ملیۆن ساڵ لەمەوبەر کەشوهەوا زۆر شێدارتر بووە. ئەسپە دەریایەکان پێویستیان بە کەشوهەوایەکی شێدار و ناوچەیەکی چڕ هەیە. پاشماوەکانی چاخی بەردین ئەوە نیشان دەدەن کە ئەو ئەسپە دەرياییانەی لەو بیابانەدا دۆزراونەتەوە، لە سەردەمی پێێشوودا لە زۆنگاوەکاندا ژیاون و بە چەندین سوڕی ئاووهەوای وشک و شێداردا ڕۆیشتوون.



## بەردە داخوراوەکان: (وێنەکەی سەرەوە)

بەردەکانی بیابان بە هۆی با و گەرمی زۆر بارانی کەم و بەخوڕ، ورد بوون و داخوراون. بای بەهێز دەنکۆڵە لمەکان هەڵدەگێت و دەیکێشێت بە بەردەکاندا، هەروەک کرداری ڕەشەبای لماوی کە بەکاردێت بۆ پاککردنەوەی بینا کۆنە بەردینەکان. ئەم لاپاڵە لمە بەردینانە لە بیابانەکانی ئەردەندان و لە سەرەوەی لاپاڵەکە پردێکی سروشتی هەیە.

# بیابان لە چی پێکهاتووە؟

زۆربەی خەڵکی وا بیر دەکەنەوە کە بیابان لە تەپۆڵکەی لمیی پێکهاتبێت، بەڵام لە ڕاستیدا ئەو بیاپانان زۆرتر باون کە لە بەرد و تاوێرەکان پێکهاتوون. سەرەتا بیابانە لمییەکان بەرد بوون، بەڵام دواتر بەهۆی کەشوهەواوە داخوراون و دەنکۆڵەی لمیان لێوە دروست بووە. تاوەکو دەنکۆڵەکان سوکتر بن، با ئاسانتر هەڵیان دەگرێت، یاخود بەهۆی لافاوی بارانە دەگمەنەکانەوە زیاتر ڕادەماڵرێن. هەردوو با و ئاویش دەنکۆڵەکان بەپێی قەبارەیان جیا دەکەنەوە. لە هەندێک لە بیابانەکان پاش ئەوەی با لمەکانی لەگەڵ خۆیدا بردووە، تەنها بەردەکان بەجێماون. لە هەندێک ناوچەدا ئاو کانزاکانی وەک خوێ دەتوێنێتەوە و لە بەردەکان جیای دەکاتەوە، دواتر ئەم کانزایانە لە شوێنێکی دیکە بەهۆی کرداری بەکریستاڵبوونەوە دەبنەوە بە بەرد. خاکی بیابانەکان بە زۆری لەو کانزایانە پێکهاتووە کە لە بەردەکان جیابوونەتەوە؛ کەمترین ماددەی ڕووەکیی و گیانەوەریی مردوو وەک گەڵا و پاشەڕۆکان لە دروستبوونی خاکی بیاباندا بەشدارن، ئەمەش بەهۆی ئەوەوەیە کە کەشوهەواکە ئەوەندە وشکە کە ناهێڵێت ئەم ماددانە تێک بشکێنرێن بگەڕێنەوە ناو خاک. هەندێک لە ماددە خاوەکانی وەک نەوت لە بەردەکانی ناو قوڵایی ژێرەوەی خاکی بیاباندا شاردراونەتەوە.



## یاریگەی گۆڵفی شەیتان

ئەم چینە بەردە سەختە کریستاڵییە کەوتووەتە دۆڵی مردووەوە لە کالیفۆرنیا کە یەکێکە لە گەرمترین شوێنەکانی سەر زەوی. ئەو ئاوەی لە چیاکانی دەوروبەرەوە خوێی تواوەی هەڵگرتووە، کاتێک ئاوەکە دەبێتەوە بەهەڵم، چینێک خوێ لەسەر خاکەکە دروست دەکات.




## جۆگەی لافاو

لە دوای بارانە دەگمەنەکان، ئاو بەخێرایی بە جۆگە ئاوییەکاندا تێپەڕ دەبێت (جۆگەی وشکبووەوەی ڕووبار) لە بیابانەکانی ئەردەن. لاپاڵەکانی قەراغی جۆگەکە لە بەردی لمین پێکهاتوون، کە وردەوردە بە هۆی گەرما و با و بارانەوە داخوراون.

## بیابانی ڕەش

کاتێک مەرمەڕی ڕەش بەهۆی تەقین و بڵاوبوونەوەی گڕکانەکانەوە هاتووەتە دەرەوە، بیابانێکی گەورەی بەردینی دروست کردووە.



## لمی درشت

ئەم لمەی لای ڕاست نمونەی خاکی بیابانی ئەردەنە و دەنکۆڵەکانی چوونیەکن. کاتێک باران دەبارێت، ئەم لمە لە بنکی جۆگەلەی لافاوەکانەوە دێت.
. ئەم لمەش وەکو هەموو لمەکانی تر لە کوارتز پێکهاتووە.







## لە خۆڵێکەوە بۆ خۆڵێکی دیکە

ئەم لمەی لای چەپ نمونەی خاکی بیابانەکانی ئەردەنە و کۆمەڵێک دەنکۆڵەی قەبارە جیاوازی لە تۆزەوە تاوەکو چەو تێدایە. کاتێک لمەکە بەهۆی باوە هەڵدەگیرێت، گێژەڵوکەیەکی لمینی بەرز دروست (خۆڵە جنۆکە) دروست دەبێت و لەوانەیە بۆ ناوچەیەکی زۆر دوور بگوازرێتەوە.

## لمی ورد

ئەم جۆرە لمە سوورە لە دۆڵی مانگ لە بیابانەکانی ئەردەنەوە هاتووە و لەبەر خۆردا کاڵتر دەردەکەوێت. بە هۆی باوە دەنکۆڵە لمەکان بەنزیکەیی هەمان قەبارەیان هەیە، ئەو بایەی کە هەڵدەکات زبڵی ڕووەک هەڵدەگرێت و ڕووی زەویەکەی پێ دادەپۆشێت.



## گوڵی بیابان

کریستاڵی سەیر سەیری وەک ئەوەی لە وێنەکەدا دیارە، لەناو تەپۆلکە لمینەکانی بیاباندا دروست دەبێت. ئەم کریستاڵە لە گەچی کانزاییەوە دروست بووە، تۆزی ئەو گەچەی کە لە بەردەکانەوە داخوراوە لەسەر تەپۆلکە لمینەکان دەنیشێت، دواتر یان لەناو ئەو ئاوەدا دەتوێتەوە کە لەژێر زەویەکەوە هەڵقوڵاوە یان لەو ئاوەدا دەتوێتەوە لە بارانەوە داباریوە. پاشان گەچەکە دەبێتەوە بە کریستاڵ و شێوەی پەڕەی گوڵ وەردەگرێت. بەشێوەیەکی گشتی گەچەکە شێوەی ئەڵماسیی یاخود شێوەی تیردا دروست دەکات، بەڵام دەنکە لمی ناو تەپۆلەکەکان گەشەی کریستاڵەکە دەوەستێنن و بەمەش گوڵی بیابان دروست دەبێت.

کریستاڵەکان گۆشە دروست دەکەن و خۆیان لە شێوەی گوڵدا دەردەخەن.

## ئەو بەردەی کە بەهۆی لمەوە داخوراوە



بەردی ڤێنتیفاکت بەردێکی شێوە هەڕەمییە و بەهۆی ڕەشەبای لمییەوە ساف بووە. ئەو بەردە لە بەشی سەرەوە سێ ڕووی هەیە کە بەهۆی گۆڕانی ئاراستەی باوە دروست بووە، ڕووی بنکەکەشی زبرە چونکە بەر ڕەشەباکە ناکەوێت. ئەم بەردە بەردی بیابانەکانی جەزائیرە و ئەو عەرەبە کۆچەرییانەی کە گەشت بە بیابانە عەرەبییەکاندا دەکەن لە ڕۆژە هێمنەکاندا بەهۆی ئەم بەردەوە دەتوانن بزانن کە کام ڕێگەیە باکوورە، چونکە ئەو ڕووەی بەردەکە کە ئاڕاستەکەی بەرەو باکوورە، بەهۆی بای باکوورەوە داخوراوە و گرنجگرنج بووە.

سێ ڕووی بە با داخوراو



پارچە زێڕێک لە ئوسترالیاوە



سوتانی نەوت لە ئێران

## گەنجینەکانی بیابان

وەکو هەموو ناوچەکانی دیکەی زەوی، بیابانەکانیش بڕێکی باش کانزایان تێدایە. نەوت یەکێکە لە گرنگترینیان و لە بەردەکانی ژێرزەوی بیابانەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بە بڕێکی زۆر کۆبووەتەوە، ئەو گڕەی لەو بیابانەدا دەیبینیت ئەوە ئەو پاشماوە گازییانەیە کە لە کێڵگە نەوتییەکانی ئێراندا دەسوتێت. بایەخی نەوت تەنها لەکۆتایی سەدەی نۆزدەیەم و لەگەڵ گەشەسەندنی هۆکارەکانی گواستنەوەدا زیادی کرد، لەکاتێکدا زێڕ هەمیشە بەنرخ بووە. لە سەردەمی ڕۆمانییەکاندا، زێڕ و کەلوپەلە بەنرخەکانی دیکە بەناو بیاباندا بە حوشتری کاروانەکان دەگوێزرانەوە (لاپەڕە 38). ئەمڕۆ بایەخداری ئاڵتوون وای لە کرێکاری کانەکان کردووە کە لە گەرمای بیابانە لمینەکانی ئوسترالیادا کار بکەن.

## بەردی لمی

بەشێوەیەکی سادە بەردی لمیی لەو دەنکۆڵە لمانە پێک هاتووە کە لەژێر پەستاندا بەیەکەوە نووساون. دەتوانیت لەژێر زەرەبیندا ببینیت کە چۆن ئەم بەردانە بەهۆی لمی بیابانەکانەوە دروست بوون، چونکە دەبینیت دەنکۆڵەکان بەهۆی باوە سافبوونەتەوە و تۆپەڵ بوون.

تۆپەڵی گەورەی وەک ئەم پارچە بەردە، بەهۆی شێ و گەرما و سەرمای زۆرەوە لە بەردە گەورەکان جیابووەتەوە.





## بەردی پتەو

گرانایتی پەمەیی یەکێکە لە ڕەقترین بەردەکان و هەر لە سەردەمی کۆنەوە بەکارهاتووە. میسرییە کۆنەکان منارە کۆنەکانیان لەم بەردانە دروست کردووە کە بەردێکی گرکانییە. ئەمەش مانای ئەوەیە لە ڕەقبوونی بەردە تواوەکانەوە دروست بووە.

# بیابانی بەردین

وەک هەموو بەرزاییەکانی دیکە، بەرزاییەکانی بیابان بەرزایی بەهۆی کەڵەکەبوونی تاشە بەردەکانەوە دروست بوون. بەدرێژایی ملیۆنان ساڵ، بەردەکان وردە وردە بەهۆی کاریگەری گەرما، سەرما، با، باران و کارلێکە کیمیاییەکان، داخوراون. کەمی دابارین لە بیاباندا واتە ڕوانی ڕووەکێکی کەم، ئەمەش وادەکات کە هیچ شتێک خاکەکە نەپارێزێت لە داماڵین، لەبەرئەمەشە کە خاکەکەی شێوەیەکی چەماوە وەردەگرێت. کاتێک باران دەبارێت زریان و لافاوەکان خاکەکە دەشۆنەوە و ڕۆڵێکی گرنگیان هەیە لە دیاریکردنی شێوەی ناوچەکەدا هەیە. بەرد و تاوێرەکان بە ئاوەکە خلۆر دەبنەوە و بەهۆی ڕووبارە کاتیەکانەوە دەگوێزرێنەوە، هەروەها چینی بەردینی ژێرەوەی زەوییەکەش دەردەکەوێت. ڕەشەبا لمییەکان خۆیان بە بەردەکاندا دەکێشن و شێوەی سەیری لێ دروست دەکەن. تاشە بەردەکان بەهۆی جیاوازی زۆری پلەی گەرمای ڕۆژانەوە درز دەبەن. کاتێک بەردەکان بەهۆی خۆرەوە پلەی گەرمییان بەرز دەبێتەوە دەکشێن، شەوانیش بەهۆی سەرماوە دەچنەوەیەک، ئەمەش هەندێک جار وا دەکات تێکبشکێن و دەنگێکی گەورە دروست بکەن. هەموو ئەم کردارانە سەرچاوەیە بۆ دروستبوونی زۆرێک لە تاشە بەردەکانی سەر ڕووی زەوی.



## شاخەکانی سەهرا


تەنها پێنجیەکی بیابانەکان لە لم پێک هاتوون. بیابانەکانی دیکە لە تاوێری گەورەن و ڕووتەختەکەیان لە بەرد و چەو پێک هاتووە.



هێلانەی باڵندە لە قڵیشی ناو تاوێرەکاندایە


## دروستبوونی پرد

لە وێنەکەدا پیاوێک لەسەر پردێکی سروشتیی لە بیابانەکانی ئەردەن، وەستاوە. پرد و کەوانەکان کاتێک دروست دەبن کە ئاو دزە دەکاتە ناو بەردەکانەوە و دەنکۆڵەکان دادەخورێنێت و دواتر بەهۆی باوە وردەوردە ئەو دەنکۆڵانە لە بەردە گەورەکان جیا دەبنەوە. کاتێک کونێک دروست دەبێت، بەهۆی کەوتنی بەردەکان و داخورانی زیاترەوە، گەورەتر دەبێت.



## تاوێری قارچکیی

تاوێرە قارچکییەکان چەندین شێوە و قەبارەی جیاوازیان هەیە، بەڵام هەموویان بەشی سەرەوەیان وەکو کڵاو وایە و بەشی خوارەوەشیان لە قەدێکی باریک پێکهاتووە. کاتێک گەردەلوولی لمین دێت تەنها دەتوانێت 1م (3.2پێ) لە زەویەکە بەرز ببێتەوە. ئەمەش بنکی بەردەکە ڕادەماڵێت، بەڵام بەشی سەرەوە وەک خۆی دەمێنێتەوە. ئەم بەردە لمینە قارچکییە لە بیابانەکانی ئەردەنە و نزیکەی8 مەتر واتە (26.2 پێ) بەرزە.



لاپاڵێکی وشک کە لەژێر هێرشی با و ئاو و پلەی گەرمیی لەڕابەدەردایە

با، لم بۆ چاڵەکانی ناو خاکەکە دەبات

ئەو ڕووەکانەی لە بیابانەکاندا دەڕوێن لە یەکترییەوە دوورن بەوەش هەریەکەیان ئاوی پێویست وەردەگرن.

## دیمەنێکی بەردیی

بەدرێژایی ملیۆنان ساڵ ئەم لاپاڵە بەردینانە لە بیابانەکانی ئەردەن دادەخورێن بۆئەوەی زەوییەکی لمین دروست بکەن. بەهۆی وشکیی کەشوهەواوە، داخورانەکە لەچاو ناوچەیەکی شێدار، کاتی زیاتری دەوێت. هەروەها بەدرێژایی بنکی لاپاڵەکان، بەردی داخوراوی لاپاڵەکە کەڵەکە بووە و پشتێنەیەکی بەردینی دروست کردووە.

## دەربەندی گەورە

یەکێک لە سەرسوڕهێنەرە سروشتییەکانی جیهان، دەربەندی گەورەیە کە 446 کم ( 277 میل) درێژە و 1.9 کم (1.8 میل) بەردەکانی باکووری ڕۆژئاوای ئەریزۆنای ئەمریکای بڕیوە. لە بنکی ڕووباری کۆلۆرادۆ بەدریژایی ملیۆنێک ساڵ بەردەوام بانەکان داخوراون و ماددەکان کەوتوونەتە ناو بنکی ڕووبارەکەوە. لاپاڵی دەوروبەری دەربەندەکە چەند چاخێکی جیۆلۆجی پیشان دەدات کە کۆنترین بەردەکانی بنکەکەی دەگەڕێنەوە بۆ 1600 ملیۆن ساڵ لەمەوبەر.





## لە دۆڵەکان

هێڵی ڕووەکەکان ئەوە پیشان دەدات کە زەوی ئەم دۆڵە شێدارە. دۆڵەکانی بیابان لە ئەمریکا پێیان دەگوترێت ڕووباری بچووک. کارێکی مەترسیدارە ئەگەر لە کاتی باران باریندا لەو دۆڵانەدا بیت، چونکە ئەو دۆڵانە پڕ دەبن لە تەوژمی لافاو و لەگەڵ خۆیاندا بڕێکی زۆر تلەبەرد و چەو و لم هەڵدەگرن. دیواری دۆڵەکان زۆر لێژن و لەگەڵ هەموو لافاوێکیشدا زیاتر دادەخورێن.



## کۆڵەکەکان

ئەم کۆڵەکە کلسییانە 2م( 6.5 پێ) دەبن و لە بیابانەکانی ڕۆژئاوای ئوسترالیا دەدۆزرێنەوە. سەرەتا ڕەگی ئەو ڕووەکانەوە دروست بوون کە زیاتر لە 20000 ساڵ لەمەوبەر لەسەر تەپۆلکەکان گەشەیان کردووە. بەدرێژایی زیاتر لە هەزار ساڵ بەردە کلسیەکان شیبوونەتەوە و درووستبونەتەوە تاوەکو ئەم کۆڵەکانەیان دروست کردووە. ئەم بەردانە کاتێک دەرکەوتوون لە لمی دەوروبەرەکەیان با بردوویەتی.

ئەسپۆن



ئەسفۆدێل



## ڕووەکی ناو لم و بەردەکان

هەندێک لە ڕووەکە بەرگەگرەکان بەدرێژایی ساڵ لە بیابانەکان دەمێننەوە. دەوەنی وشکی دڕکاوی کە لە وێنەکەی خوارەوەدا دەیبینیت، لە خاکی بیابانە لمینەکانی ئەردەندا گەشەی کردووە، ئەم دەوەنە جۆرێکە لە ئەسپۆن، دەوەنێکی چڕوپڕە و بەرگەی خوێیەکی زۆر دەگرێت و گەڵایەکی دەرزیلەیی هەیە. ئەسفۆدێلەکان لەناو بەرد و خاکە ڕووتەڵەکاندا گەشە دەکەن و لەژێر زەویدا لوولەیەکی درێژیان بۆ کۆکردنەوەی خۆراک هەیە.



# دەریایەک لە لم



لە بیابانەکانەکاندا هیچ شتێک  لە دەریا لمینەکان و درێژبوونەوەی بێکۆتایی تەپۆڵکە لمینەکان جوانتر نییە. گەورەترین پانتایی لم لە بیابانی ڕوبع خالی بەدناوە کە بەشێکە لە بیابانی عەرەبی و 647500 کم چوارگۆشە واتە  (250000 میل) داگیر دەکات. بڕێکی زۆر لە لم کە بیابانە لمینەکەی پێکهێناوە لە شاخەکان و زەویە بەرزەکانەوە داخوراوە و بەرەو بیابانەکە هاتووە. بەشێک لەو لمەی لەوێیە بەهۆی ڕووبار و لافاوەوە گوازراوەتەوە بۆ ناوچە نزمەکان و پاشان بەهۆی باوە هەڵگیراوە و بە بیابانەکەدا بڵاوبووەتەوە، هەندێکیشی لە قەراغی ڕووبار و دەریاکانەوە هاتووە. با وای کردووە شێوەی تەپۆلکەکان جۆراوجۆر بێت. هەندێک لە تەپۆڵکەکان وەک تەپۆلکە ئەستێرەییەکان شێوەیان جێگیرە، لە کاتێکدا ئەوانی دیکە، وەک بارخان، ساڵانە 20م (66 پێ)ی لێ کەم دەبێتەوە.



ئەمانە کوتەکی دارین کە بۆ لێدانی مۆسیقا لە سەمای سرووتە ئاینییەکاندا بەکار هێنراوە.

## هونەری لمین

هەندێک لە دانیشتووانە ڕەسەنەکانی بیابانەکانی ئوستراليا،  وەک بەشێک لە نەریت و بیروباوەڕیان، وێنەی پیرۆزییەکانیان (تەوتەم) لەسەر لمەکان کێشاوە. ئەمڕۆ  بەهۆی کێشانی وێنەکان بە بۆیەی ئەکرلیک، هەندێک لە وێنەکانیان بۆ هەمیشە پاراستووە. هەندێک لەو کێشراوە خاڵخاڵییانە لەبازاڕدا فرۆشراون، بەڵام هەندێک لە هێما پیرۆزەکانیان هەرگیز نافرۆشن. ئەم کارە دەستیانە لە لایەن خەڵکانی ناپاڵجاریەوە دروست کراون.





## لمی پرشنگدار

بیابانی نامیبیا یەکێکە لە کۆنترین بیابانەکانی جیهان و دروستبوونەکەی دەگەڕێتەوە بۆ 55 ملیۆن ساڵ لەمەوبەر یان زیاتر. لەوێ لەژێر تەپۆڵکە تازەکانەوە (کە لە وێنەکەدایە) تەپۆلکەی کۆن هەن کە دەگەڕێنەوە بۆ 40 ملیۆن ساڵ لەمەوبەر. هەردوو تەپۆڵکە تازە و کۆنەکانیش لەو لمەوە دروستبوون کە لە قەراغی دەریا نزیکەکانەوە بەهۆی باوە گوازراونەتەوە.لە بنەڕەتیدا لمەکە لە زەوییە بەرزە دوورەکانەوە هاتووە و پاشان بەهۆی ڕووبارەکانەوە گوازراوەتەوە بۆ ناو دەریاکان، پاشان لە کەنارەکانەوە باکە هەڵی گرتووە و بەرەو بیابەنەکە هێناویەتی. بەرزیی هەندێک لە  تەپۆڵکەکانی نامیب دەگاتە 244 م (800 پێ).

## دروستکردنی تەپۆلکە

لم بەهۆی باوە بۆ دووریەکی کەم. دەگوازرێتەوە، تەنانەت بەهێزترین با، دەتوانێت تەنها 1م (3.2 پێ) دەنکۆڵە لمەکان بەرز بکاتەوە. تەپۆڵکە لمینەکان کاتێک دروست دەبن کە بەربەستێک هەبێت، بۆ نمونە ڕووەک، با هێواش دەکاتەوە و ئەمەش وا دەکات لمەکە بکەوێتە سەر زەوی، کاتێک لمەکە کۆبووەوە، بەربەستێکی گەورەتر لەبەردەم باکەدا دروست دەکات و وا دەکات لمێکی زۆرتر کۆ ببێتەوە.







## مۆمیای سروشتی

ناشتنی لاشەیەکی مردوو لە بیابانە وشکەکاندا، بەسە بۆ پاراستنی لاشەکە. هەندێک لەم لاشە نێژراوانە نزیکەی 5000 ساڵ پێش ئێستا لە بیابانەکانی میسردا نێژراون. لاشەکە لە گۆڕێکدا (کە قوڵاییەکی کەمە) لەگەڵ هەندێک شتی بەنرخدا بە لم داپۆشراوە، پاشان لاشەکە وشک بووەتەوە گۆڕاوە بۆ مۆمیا. لە سەردەمەکانی دواتردا کە ناشتنی مردوو ئاڵۆزتر بوو، ئەندامەکانی ناوەوەیان لابردووە و جەستەکەیان بە باندج پێچاوتەوە، چونکە وەک ئەو لاشانە وشک نابێتەوە کە لە گۆڕە لمینەکاندا نێژراون.



### تەپۆڵکە بەربەستییەکان

لەهەر شوێنێک بڕێکی زۆر لم هەبێت و باکە بە یەک ئاڕاستە بجولێت، کۆمەڵێک بەربەستی لمی تەریب بەیەکتر دروست دەبێت. ئەگەر بەربەستەکان بەرامبەر باکە لە گۆشەیەکی وەستاودا بن پێیان دەگوترێت، تەپۆڵکەی شەپۆلی.

### تەپۆڵکە ئەستێرەیەکان

تەپۆڵکە ئەستێرەیەکان لەو شوێنانە دروست دەبن کە ئاڕاستەی با دەگۆڕێت و با بە چەند ئاڕاستەیەکدا هەڵدەکات. لە هەندێک بیاباندا بەرزیی تەپۆلکە ئەستێرەییەکان دەگاتە 80 م (260 پێ). ئەمانەش چەند تەپۆڵکەیەکی ئەستێرەیین لە لمی بیابانەکانی سەهرادا.

### تەپۆڵکەی نیوەمانگ

تەپۆلکەی نیوەمانگیی ناسراوە بە بارخان و لەو شوێنانەدا دروست دەبێت کە لمێکی کەم لەسەر لێواری بیابانەکەیە و با بە یەک ئاڕاستە هەڵدەکات. با بەسەر لێوارە چەماوەکانی پێشەوەی تەپۆلکەکەدا بەرەو ڕووی کۆتایی تەپۆلکەکە هەڵدەکات.لمی لێواری تەپۆلکەکە بەخێراییەکی زیاتر لادەچێت وەک لە بەشی ناوەڕاستی تەپۆلکەکە.




## بەربەستە لمینەکان

هەرەسی لم، هەڕەشە دەخاتە سەر مێرگەکانی بیابان، لەکاتێکدا بەربەستەکان یارمەتی گێڕانەوەی ئەو بایانە دەدات کە لمیان هەڵگرتووە. هەندێکجار گوند و مێرگەکانی بیابان بەتەواوەتیی بە لم دادەپۆشرێن.




**دەریایەک لە لم**

ئەم جەنگاوەرە بەربەرییانە کە خەڵکی ڕەسەنی باکووری ئەفریقان، خەریکی بڕینی دەریایەک لە تەپۆڵکەی لمینی بیابانن. دانیشتوانی بیابان، وەک بەربەریەکان، توانایەکی لەڕادەبەدەریان لە ناسینەوەی ڕێگەکانی ناو بیابان هەیە، لەکاتێکدا ئەمە بۆ خەڵکی دیکە تەنها لمێکی فراوانی نەناسراوە. دەکرێت ڕێگەونکردن لە بیاباندا هەڵەیەکی کوشندە بێت.



# ئاو له بیابانه‌کان

هه‌ندێک به‌شی بیابانه‌کان وشک و رووته‌ڵه نین، ناوبه‌ناو باران زه‌وی بیابانه‌کان سه‌وز ده‌کات و جۆگه‌کانیش پڕ ده‌کات له ئاو. هه‌ندێک له‌م ئاوه له پشتی به‌نداوه بچووکه‌کانه‌وه گل ده‌درێته‌وه، یاخود دوای ئه‌وه‌ی ده‌چێته زه‌وییه‌وه، بیره‌کان بۆ خۆیانی ده‌به‌ن، یان ده‌چێته ناو ڕێڕه‌وی رووباره‌کانه‌وه. ئاوی ناو چینه قووڵه‌کانی زه‌وی له مێرگه‌کانه‌وه دێته ده‌ره‌وه و له‌وێدا هه‌ندێک به‌روبوومی وه‌ک دار خورما ده‌چێنرێت، پاشان به‌هۆی ڕێگه‌ی جۆراوجۆری ئاودان، ئاوه‌که زیاتر بڵاو ده‌کرێته‌وه و به‌مه‌ش بیابانه‌که رووه‌کی زیاتری لێ ده‌چێنرێت.
به‌هۆی ده‌رهێنانی ئاو له بیره قووڵه‌کانه‌وه ئه‌مرۆ رووبه‌رێکی گه‌وره‌ی بیابانه‌کان سه‌وزن، به‌ڵام مه‌ترسی ئه‌وه‌ش هه‌یه که ئاوی ژێر زه‌وی وشک بکات، به‌تایبه‌ت کاتێک ژماره‌ی دانیشتوانی بیابانه‌که زیاد بکات و به‌روبومه‌کانیش بۆ گه‌شه‌کردنیان پێویستیان به ئاوی زیاتر بێت.



به‌هۆی ئه‌و ئاوه زۆره‌ی که لێی ده‌رده‌هێنرێت مێرگی ئه‌زره‌ق له ئه‌رده‌ن خه‌ریکه وشک ده‌بێت.



## سه‌تڵ و قولاپ

ئاو له بیره‌کانه‌وه به به‌کارهێنانی ئامێرێکی ده‌ستی (شادۆف) ده‌رده‌هێنرێت. سه‌تڵه‌که له به‌شه درێژه‌که‌ی شادۆفه‌که‌وه نزم ده‌کرێته‌وه بۆ ناو بیره‌که تا پڕ ده‌بێت، دواتر به‌هۆی قورساییه‌که‌وه له لاکه‌ی دیکه‌وه به‌رز ده‌کرێته‌وه بۆ ده‌ره‌وه.




**ملوانکه‌ی باران**

وێنه‌ی سه‌ر ملوانکه‌ی ملی ئه‌م زونییه شاڵاکۆ پشان ده‌دات که (په‌یامبه‌ری دروستکه‌ری بارانه)، زونییه‌کان جلی وه‌ک شالاکۆیان پۆشیوه و ماسکیان به‌ستووه وه‌ک به‌شێک له سروته ئاینییه‌کانیان.



## چه‌رخه‌ی ئاو

میسرییه کۆنه‌کان به‌هۆی چه‌رخه‌ی ئاوه‌وه، ئاویان له مێرگه‌کانه‌وه ده‌رهێناوه. ئه‌وان چاوی مانگایه‌کیان به‌ستووه‌ته‌وه تاوه‌کو به‌شێوه‌یه‌کی بازنه‌یی بڕوات و چه‌رخه گه‌وره‌که بجوڵێنێت. کاتێک چه‌رخه‌که به‌شێوه‌یه‌کی بازنه‌یی ده‌جوڵێت، چه‌رکه‌ی ئاوه‌که له‌ناوه‌وه ده‌جوڵێته‌وه و سه‌تڵه‌که پڕ ده‌بێت، پاشان ئاوه‌که ده‌رژێته ده‌ره‌وه‌ی سه‌تڵه‌که و ده‌چێت بۆ جۆگه‌له‌کان و به‌رهه‌مه‌کانی پێ ئاو ده‌درێت. له ڕابردوودا له‌جیاتی سه‌تڵه کانزاکان، مه‌نجه‌ڵی قوڕین به‌کار ده‌هێنرا.








## ئاو له شوێنه دووره‌کانه‌وه

ئاوی بارانی چیاکان له به‌رده گه‌وره‌کانه‌وه دزه ده‌کاته ده‌ره‌وه. پاشان ئاوه‌که دێته سه‌ر رووی زه‌وی و ده‌چێته ناو مێرگه‌کانه‌وه. له‌مێرگه‌کاندا له‌تبوونی چینه‌کانی به‌رد ڕێگه له بڵاوبوونه‌وه‌ی ئاوه‌که ده‌گرێت. ئه‌و به‌ردانه‌ی که ئاو له‌خۆیان ده‌گرن پێیان ده‌گوترێت چینی ئاو کۆکه‌ره‌وه. زۆرکات بۆ گه‌یشتن به چینی ئاو کۆکه‌ره‌وه، بیر له‌ناو که‌ڤره‌کاندا لێده‌درێت. ئه‌و ئاوه‌ی که له‌م چینه‌دا هه‌یه له‌وانه‌یه ئه‌و بارانه بێت که هه‌زاران ساڵ له‌مه‌وپێش باریوه.



## به‌نداوی ساوا

بۆ هه‌ڵگرتنی ئه‌و باراناوه‌ی که له لاپاڵی بیابانه‌کانی ئه‌رده‌ندا ده‌بارێت، کۆچه‌ریه عه‌ره‌به‌کان به‌نداوێکی بچوکیان دروست کردووه. ئه‌و ئاوه‌ی کۆی ده‌که‌نه‌وه، بۆ پێداویستی خۆیان و ئاژه‌ڵه‌کانیان به‌کاری ده‌هێنن. له‌و شوێنانه‌ی سه‌رچاوه‌ی ئاو هه‌یه، ژماره‌یه‌کی زیاتر کۆچه‌ری لێی نیشته‌جێ ده‌بێت و له‌وێ ده‌مێننه‌وه.

## ڕۆبیانه تینووه‌کان

هێلکه‌ی ڕۆبیان له بیابانه وشکه‌کاندا بۆ ماوه‌ی ده ساڵ یاخود زیاتر ده‌مێنێته‌وه، دواتر باران دێت و ده‌بێته هۆی تروکاندنیان. ڕۆبیانه‌کان ده‌بێت به‌زوویی گه‌شه بکه‌ن تاوه‌کو پێبگه‌ن و هێلکه دروست بکه‌ن، پێشئه‌وه‌ی ئه‌و گۆماوه‌ی تێیدان وشک ببێته‌وه و بمرن.





## کۆبرای ژەهرفڕێدەر

لە مێرگەکانی ڕۆژهەڵاتی ئەفریقا, کۆبرا سووره ژەهراوییەکان لە بێستانی خورماکاندا خۆیا حەشار دەدەن. کۆبرا کاتێک گوێی لە دەنگێک بێت دوور دەکەوێتەوە و هەوڵی دەربازبوون دەدات، بەڵام ئەگەر زیاتر بێزار بکرێت ژەهرەکەی دروست دەکات و فڕێی دەدات. کۆبرا دەتوانێت بە لایەنی کەمەوە هەتا 2م (6.5 پێ) ژەهرەکەی فڕێ بدات. ئەگەر ئەو ژەهرە بەر چاوی ئاژەڵ یاخود مرۆڤ بکەوێت زۆر ئازاردەرە و ئەگەر چارەسەر نەکرێت دەبێتە هۆی کوێربوون.ژەهری کۆبرا لە کونیلەی بچووکی کەڵبەکانی پێشەوەی دەمیەوە دەردەدرێت. ئەم کۆبرایە مارمێلکە، بۆق، مار، باڵندە و هەروەها شیردەرە بچووکەکانیش دەخوات.



## ئاو لە ڕێگاکان

ئاوی مێرگەکان بە کۆمەڵێک جۆگەدا بۆ ئاودانی خورماکان دەنێردرێت. هەندێک لەم جۆگانە هەمیشەیین وەک ئەم دانەیەی عومان، هەندێکی دیکەشیان بەهۆی بەستی قوڕینەوە بەستیان بۆ دروست کراوە جۆگەیان لێ ڕاکێشراوە، تاوەکو ئاوەکە بە چەند ئاراستەیەکدا ببەن. ئەگەر ئاو لە چینی سەرەوەی خاکدا بمێنێتەوە، دار خورما پێویستی بە ئاودان نییە . دار خورما،خورما بۆ خواردن، تەختە بۆ خانووبەرە، گەڵا بۆ پەرژین و کەپر، ڕیشاڵ بۆ دروستکردنی گوریس، بەرهەم دەهێنێت.




## گابۆقە سەوزەکان

بۆقە سەوزەکان لەو مێرگانەدا دەژین کە سەرچاوەی ئاوی هەمیشەیی تێدایە، تاوەکو لەوێ هێلکەکانیان دابنێن. لە کاتی ڕۆژدا خۆیان لە ژێر بەردەکاندا حەشار دەدەن و شەوانیش لە نزیکی کونیلەی ئاو یاخود لە دەوربەری دار خورماکان، بۆ ڕاوکردنی مێرووەکان دێنە دەرەوە.



## سەوزبوونی بیابانەکان

ئەم وێنە سەتەلایتیە، زەوییەکی فراوانی کشتوکاڵی سەوز پیشان دەدات کە لە لێوارەکانی بیابانی سەحرایە لە مەغریب. شێوە گۆییەکە بەهۆی ئامێرێکی پرژاندنی ئاوەوە دروستبووە کە وەک میلەکانی کاتژمێر دەخولێتەوە. لەوێ برێکی زۆر ئاو لەژێر زەوییەوە دەردەهێنرێت و بەروبومەکانی وەک گەنمی پێ ئاو دەدرێت کە برێکی زۆر خۆراک دابین دەکەن، بەڵام لە هەمانکاتیشدا مەترسی ئەوە هەیە چینی ئاوی کۆکراوە، ئاوی تێدا نەمێنێت، چونکە ئەو برەی بەکاردێت زیاترە لەو برەی کە دەچێتەوە جێگەی.

# پاش باران

هەندێک لە ڕووەک و گیانەوەرانی بیابان تەنها لەدوای باران گەشەدەن و چالاک دەبن بەوەش پارێزگاری لە مانەوەیان دەکەن. ڕووەکەکان بۆ ماوەی چەندین ساڵ وەک تۆو لەناو خاکە وشکەکەدا دەمێننەوە، دوای ئەوە چەند بارانێکیان پێویستە بۆئەوەی تۆوەکان چەکەرە بکەن، بەمەش هەتا بارانێکی باش نەبارێت گوڵ ناکەن و تۆو دروست ناکەن. هێلکەی توێکڵدارەکانی بیابان، بۆ نموونە ڕۆبیانەکان (لاپەڕە 14)، بە هەمانشێوە ڕۆبییانەکان بۆ تروکانیان پێویستیان بە ئاو هەیە. هەموو هێلکەکان بەیەکجار ناتروکێن و هەندێکیان چاوەڕێی بارانی دواتر دەکەن، لە ترسی ئەوەی گۆمەکە وشک ببێتەوە و سووڕی ژیانیان تەواو نەکەن و لەناو بچن.

گابۆقەکانیش ڕووبەڕووی هەمان کێشە دەبنەوە بۆیە هەموویان لە سەرەتای وەرزی بارانباریندا وەچە ناخەنەوە. لە وەرزە وشکەکاندا، بۆقەکان بەناچالاکیی لەژێر خاکدا دەمێننەوە. پاشان کاتێک گوێیان لە دەنگی باران دەبێت هەرزوو دێنەوە دەرەوە.




## ڕۆبیانی ئاوی سوێر

ڕۆبیانی ئاوی سوێر لە دەریاچە و گۆمە سوێرەکاندا دەژین. لە وەرزە وشکەکاندا ئەم دەریاچانە دەبن بە هەڵم، ڕۆبیانەکانیش دەمرن و هێلکەکانیان لەدوای خۆیان بەجێ دەهێڵن. هەندێک لە هێلکەکان بەرگەی وشکەساڵی و گەرمای زۆر بەرز دەگرن و دەیەها ساڵ دەمێننەوە.



## تەنها بە زیادبوونی ئاو

لە ماوەی 48 کاتژمێر بارانبارینیدا، هێلکەی ڕۆبیانەکان هەڵدێت و دەبێت بە کرمۆکە (شێوەی سەرەتایی). ئەم کرمۆکانە خۆراکیان لەسەر دەنکۆڵە خواردنە بچووکەکانی ناو ئاوەکەیە. ڕۆبیانەکانیش وەک هەموو توێکڵدارەکانی دیکە، کاتێک گەشە دەکەن، ئێسکی دەرەوەی لەشیان دادەماڵن.




## دروستبوونی پێیەکان

ڕۆبیانە بچووکەکان، هەتاوەکو چەند قاچێکیان بۆ زیاد دەبێت، بە چەند سووڕێکی کاژداماڵیندا تێپەڕ دەبن. درێژی سوڕی ژیانیان پشت بە پلەی گەرمی ئاوەکە و بڕی خۆراکی بەردەست دەبەستێت. ڕۆبیانی ئاوی سوێر لەدوای سێ هەفتە لە تروکانی، پێدەگات.



## هێلکەدانان

ڕۆبیانە پێگەیشتووەکان خێران لە هێلکە داناندا و پێش ئەوەی دەریاچەکە وشک ببێتەوە، مێینەکە دەتوانێت بە یەک جار 140 هێلکە دابنێت، هەروەها دەتوانێت چوار مانگ بژی و هەر چوار ڕۆژ جارێکیش هێلکە دابنێت.



## ڕۆبیانی پێگەیشتوو

ڕۆبیانی ئاوی سوێر لە 1سم (0.4ئینج) بچوکترە. ئەوان دەبنە سەرچاوەی خۆراکی ئەو باڵندانەی کە دێنە سەردانی دەریاچە سوێرەکان. ڕۆبیانی ئاوی سوێر بەرگەی پلەی سوێری جیاواز دەگرێت، ئەوان دەتوانن لە ئاوێکی نزیک لە ئاوی شیرین، تاوەکو ئاوێک کە سوێریەکەی پێنج ئەوەندەی سوێریی دەریا بێت، بژین.





## خەمڵیمنی گوڵ لە بیابانی نەگەف

ئەم گوڵەی کۆمەڵەی بەیبوونەکان تەنها لەو ساڵانەدا گەشە دەکات کە بارانێکی زۆر لە بیابانی نەگەفی ئیسرائیل دەبارێت. ڕووەکەکان بە درێژایی لێواری ئەو جۆگەلانە گەشە دەکەن کە باران تێیدا کۆ دەبێتەوە، بەڵام ناتوانن لەو جۆگەلانە بە زیندوویی بمێننەوە کە باران بەتەواوی دەیانشواتەوە، گەڵاکانی بۆنێکی تیژیان هەیە، بەهۆی ئەوەی جۆرێک لە ڕۆنی تێدایە کە دەبێتە بەربەست لەبەردەم ئاژەڵە گیاخۆرەکان.



## دەمەشێری بچوک

لە بیابانەکانی چیهواهوان، دوای بارانبارین، تۆوی دەمەشێر و سۆنۆران چەکەرە دەکات و لقە درێژەکانی خۆی لە درەختەکانی دیکەی بیابانەکە دەئاڵێنێت. لە مانگە ساردەکانی زستاندا لقەکان دەمرن و دەچنەوە ناو خاکە لمینەکە. دەمەشێر لە دارستانە سنەوبەرییەکانیشدا گەشە دەکات.

## سەوسەنی بیابان

ئەمە سەوسەنە، بیابانەکانی باشووری ڕۆژئاوای ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە مانگی 3 تاکو مانگی 5 دادەپۆشێت. سەلکەکانی ئەم سەوسەنە هەموو ساڵێک دوای باران بارین لە ژێر زەوییەوە گەشە دەکەن. ئەم سەوسەنە دەتوانێت تا بەرزی 1.8م (5.6) پێ گەشە بکات. ئەمریکییە ڕەسەنەکان سەلکی سەوسەنیان وەک خواردن بەکار هێناوە.



## پۆلکەی بیابان

لە ناوەندی ئوسترالیا، دوای بارانێکی زۆر، گوڵە تۆخەکانی پۆلکەی بیابان بەشێکی زۆری بیابانەکانی ستارت دادەپۆشن. پۆلکەکانی بیابانی ستارت بە درێژایی زەویەکە تا چەند مەترێک بڵاو دەبنەوە. کاتێک زەویەکە دووبارە وشک دەبێتەوە، پۆلکەکە ئەو تۆوانەی خۆی بەرهەم هێناوە کە لە بارانی داهاتوودا ئامادەن بۆ گەشەکردن.


گوڵەکان بەهۆی
مێرووەکانەوە دەپەڕن و
ساڵی داهاتوو تۆوەکانیان
دەبێتەوە بە گوڵ.

لە وەرزە وشکەکاندا گابۆقەکان لەسەر
ئەو چەوربی و ئاوە دەژین کە دیواری
میزەڵدانیاندا کۆیان کردووەتەوە.



## گابۆقە پێسەوڵییەکان

ئەم گابۆقانە زۆربەی ژیانیان لەژێر خاکی بیابانەکانی باشووری ڕۆژئاوای ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بەسەر دەبەن. کاتێک باران دەبارێت، زەویەکە هەڵدەکەنن و دێنە دەرەوە و بەرەو حەوزە کاتییەکان دەچن، بۆئەوەی جووت ببن و گەرا دابنێن. دواتر گەراکان گەشە دەکەن و دەبن بە سەرەمێکوتە، پاشان لەماوەی کەمتر لە دە ڕۆژدا سەرمێکوتەکان دەبن بە گابۆقێکی بچووک. زۆربەی گابۆقەکان خۆراکیان لەسەر ڕووەک و ئاژەڵە مردووەکانە، بەڵام هەندێکیان گۆشتخۆرن و خێراتر گەشە دەکەن، بەهۆی ئەوەی ئاژەڵەکانی دیکە دەخۆن بە گابۆقە بچوکانیشەوە.



## گەنەی قەیفەیی زەبەلاحی سوور

گەورەترین گەنە، گەنەی قەیفەیی سوورە کە قەبارەکەی هێندەی شاتوویەک دەبێت، واتە 1.6سم (0.6) ئینچ. ئەم گەنانە لە دوای بارانبارین دێنە دەرەوە و ئەو مێروولە سپییانە دەخۆن کە لەو کاتەدا کۆمەڵ بوون. ڕەنگە سووره ڕۆشنەکەیان نیشانەی ئەوەیە کە ئەم گەنانە تامیان خۆش نییە، بەمەش ڕاوکەرەکانی دیکە خۆیانی لێ دەپارێزن.

لقەکانی دەمەشێر
تاوەکو 2م (6.5 پێ)
گەشە دەکەن.

دوای ئەوەی گوڵەکە پیتێنرا، تۆوەکانی
دروست دەبێت و وشک دەبێتەوە.

گەڵاکان بە کرداری ڕۆشنەپێکهاتن
خواردن بۆ ڕووەکەکە دروست
دەکەن، تاوەکو گوڵ بکات و بەخێرایی
تۆوەکان دروست بکات.




## بیابان لە وەرزی گوڵکردندا

ناماکوالاند کە لە کەنارەکانی باشووری بیابانی نامیبە، لە باشووری ڕۆژئاوای ئەفریقا، بەناوبانگە بە دیمەنی جوانی گوڵە بەهارییەکان کە لەو وەرزەدا دوای بارانبارین زەوییەکە دادەپۆشن.

# چۆن ڕووەکەکان بەرگەی بیابان دەگرن

ئەو ڕووەکانەی کە لە بیاباندا دەژین، یان تەنها لەدوای بارانبارین گەشە دەکەن، یان بەهۆی خۆگونجاندنیانەوە لەگەڵ کەمیی توانیویانە بمێننەوە. ڕووەکە هەمیشەییە جۆراوجۆرەکان بە چەندین ڕێگەی جیاواز دەتوانن ئاو بەدەست بهێنن. هەندێکیان ڕەگی درێژیان هەیە کە بەهۆیەوە دەتوانن بگەن بە قووڵایی خاکەکە، هەندێکی تریان ڕەگەکانیان بڵاو دەکەنەوە بۆ تاوەکو ئاو لە ڕووبەرێکی فراوانەوە وەربگرن، هەندێکیشیان دەتوانن بەهۆی گەڵاکانیانەوە شەونم هەڵبمژن. زۆربەی ڕووەکی بیابانەکان بە سوبێرەکانیشەوە، چرووپرن و دەتوانن ئاو کۆ بکەنەوە. چینێکی مۆمیی ئەستوور کە قەد و گەڵاکانی داپۆشیوە، یارمەتی مانەوەی ئەم ئاوە دەدات و شانەکان لە چرپی تیشکی خۆر دەپارێزێت. کەمکردنەوەی قەبارەی گەڵاکان و وەرینی گەڵاکان لە کاتی وشکەساڵیدا، یان تەنانەت نەبوونی گەڵا، ڕووبەری ڕووی ڕووەکەکە کەم دەکاتەوە بۆ کەمترین ڕووبەر و ئەمەش دەبێتە هۆی کەمبوونەوەی لەدەستدانی ئاو.



### هێشووی دارخورماکان

ئەمە وێنەی بێستانێک دار خورمایە کە لە مێرگەکانی عومان چێندراوە (لا 15). تەنها درەختە مێینەکان خورما بەرهەم دەهێنن، بۆیە تەنها چەند درەختێکی کەمی نێرینە بۆ بەرهەمهێنانی هەڵاڵەکان دەچێنرێت. دار خورما زیاتر لە 200 ساڵ دەژی.








### گەڵا گۆشتنەکان

(Haworthias) جۆرێکە لە ڕووەکی سوبێر کە لە سێبەری تەنیشت بەرد و ڕووەکەکانی دیکە گەشە دەکات. تەنها بەشی لوتکەی گەڵاکانی ڕووەکەکە لەسەر ڕووی زەوییەکە دەردەکەوێت، تاوەکو بەشەکانی تری لە تیشکی خۆر پارێزراو بێت، بەڵام گەڵاکانی بۆ ڕۆشنەپێکهاتن پێویستیان بە ڕووناکییە. ئەم گەڵایە وەک پەنجەرەیەکی نیمچە ڕوون ڕووناکی پیایدا تێپەڕ دەبێت و لە کاتی وشکەساڵیدا دەچێتەوە ناو زەوی.




### خورمای تازە

چەندین جۆری جیاوازی خورما هەیە، باوترینیان ئەو جۆرانەن کە وشک دەکرێنەوە و لەناو پاکەت دەپێچرێنەوە و هەناردەی وڵاتان دەکرێن. خومای وشکیش یەکێکە لە خواردنە سەرەکییەکانی خەڵکی لادێ و دانیشتوانی ڕەسەنەکانی بیابان، وەک کۆچەرییە عەرەبییەکان. خورما بەهایەکی خۆراکیی زۆری تێدایە و خراپ نابێت.

### ڕووەکە سەدەییەکان (سەرەوە لای ڕاست)

ئەم ڕووەکە نزیکەیی 20 بۆ 50 ساڵی دەوێت تاوەکو گوڵ دەکات، گوڵەکەی لەسەر قەدێکە کە بەرزییەکەی نزیکەی 9م (30 پێ) دەبێت و لە ناوەڕاستی قەدەکەدا دروست دەبێت. گوڵەکەی لەلایەن ئەو شەمشەمەکوێرانەوە دەپیتێنرێن کە شیلەی گوڵەکە هەڵدەمژن، پاشان دوای گوڵکردن و بەرهەمهێنانی تۆو، ڕووەکەکە دەمرێت. ڕووەکە سەدەییەکان سەر بە کۆمەڵەی سوبێرەکانن کە ڕووەکەکانی ئەو کۆمەڵەیە ئاوێکی شیرینیان بۆ خواردنەوە تێدایە و ڕیشاڵەکانیشیان بۆ گوریس و کەرەستەی دیکە بەکاردێت.



### لقە دڕکاوییە سوتاوەکان

ئەم ڕووەکە پێشی دەگوترێت (ئۆکۆتیلۆ) یاخود ڕووەکی (coachwhip)، ئەم ڕووەکە لە بیابانەکانی باشووری ڕۆژئاوای ئەمریکا گەشە دەکات. لە وەرزە وشکەکاندا گەڵاکانی دەوەرێنێت تاوەکو پارێزگاریی لە شێدارییەکەی بکات. لە دوای بارانبارین، بەدرێژایی دڕکەکان گەڵای تازە گەشە دەکات، ئەگەر زەوییەکە بە تەواوی شێدار بێت، دڕکە ئاگرینەکان گوڵ دەکەنەوە.

### وێڵوێتشیا

ئەم ڕووەکە سەیرە تەنها دوو پارچە گەڵای ڕزیوی پشتێنیی و ڕەگێکی مێخی گەورەی هەیە، بەشی سەرەوەی ڕووەکەکە لەوانەیە زیاتر لە 1م (3 پێ) پان بێت و لە دەشتە چەوییەکانی بیابانەکانی نامیب گەشە دەکات. وێڵوێتشیا ڕووەکێکی قەزەمە و لەوانەیە هەزار ساڵ یان زیاتر بژی.







## لەناو سوبێڕدا

ئەگەر سوبێڕێک ببڕیت و سەیری ناوەکەی بکەیت، لە ناوەوە بارستەیەک شانەی ئاوکۆکەرەوەی تێدایە. لولەشانەکانی گواستنەوەی ئاو کە پێیان دەگوترێت (دارک)، تەنها ئاو لە ڕەگەوە بۆ بەشەکانی ڕووەکەکە ناگوازنەوە، بەڵکو پاڵپشتی ڕووەکەکەش دەکەن. ڕووی سوبێڕەکان بە چینێکی ئەستووری مۆمی داپۆشراوە کە یارمەتی کەمبوونەوەی لەدەستدانی ئاو دەدات و شانەکان لە سووتان دەپارێزێت.

## سوبێڕە بەرمیلییەکان

سوبێڕەکان ڕاهاتوون بەوەی کە دەست بەسەر هەموو ئەو ئاوەدا بگرن کە لە دەوروبەریانە (لاپەڕە 36،20). ڕەگەکانیان بە چواردەوری ڕووەکەکەدا بڵاو دەبێتەوە تاوەکو لە باران و شەونمەکانەوە ئاو هەڵبمژێت. سوبێری بیابانەکان جیاواز لە ڕووەکەکانی دیکە لەجیاتی ڕۆژ، لە شەودا کونیلەکانیان دەکەنەوە، تاوەکو ئاڵوگۆڕی گازەکانی کرداری هەناسەدان و ڕۆشنەپێکهاتن بکەن، ئەمەش لەدەستدانی ئاو لە ڕێی کونیلەکانەوە کەم دەکاتەوە. هەروەها سوبێڕەکان ئەو دوانەئۆکسیدی کاربۆنەی کە لە کرداری ڕۆشنەپێکهاتندا وەری دەگرن، بەشێوەی دیکە کۆی دەکەنەوە، تاوەکو لە ڕۆژدا بەکاری بهێنن.



## شەونمە ژیانبەخشەکان

شەونم لە کەنارە تەماوییەکانەوە دێت و لەسەر دەوەنەخوێکان-saltbush ی بیابانی نامیب دەنیشێتەوە. شەونم بۆ ڕووەک و ئاژەڵەکانیش سەرچاوەیەکی ئاویی گرنگە. هەندێک لە دەوەنەکان بە خوێ داپۆشراون، ئەمەش وا دەکات ڕووەکەکە شێیەکی زیاتر لە تەمەوە وەربگرێت.



## بەردە زیندووەکان

ڕووەکە شێوە بەردییەکان بینینیان سەختە چونکە زۆر بەباشی خۆیان دەشارنەوە، ئەمەش لە ڕووەکخۆرەکان دەیانپارێزێت. ڕووەکە بەردییەکان زۆر ئاودارن چونکە ئاو لە گەڵاکانیاندا کۆدەکەنەوە، ئەوان وەک هەموو ئەوانی دیکە گەشە دەکەن بەڵام لوتکەی گەڵاکانیان هەر لەسەر زەوی دەبێت و خۆڵ و بەردی دەوروبەریان لە چڕیی تیشکی خۆر دەیانپارێزێت. بۆئەوەی تیشکی خۆر بگاتە ئەو بەشەی گەڵاکەیان کە لەژێر زەویدایە، بەشی دەرەوەی گەڵاکەیان ڕوونە و تیشکی خۆری پێدا تێپەڕ دەبێت. دوای بارانبارین ڕووەکە بەردییەکان بڵاو دەبنەوە و گوڵێکی گەورە لە گەڵاکانیانەوە دروست دەبێت. ئەم ڕووەکانە لە باشووری ئەفریقا گەشە دەکەن.



## نادادپەروەرانەیە

ئەم گوڵە لوتکەییانەی بیابانەکانی ئەردەن، سەر بە کۆمەڵەی (cistanche)ی بێگەڵایە. لە زەعتەرە بێگەڵاکان دەژی. ئەم ڕووەکە بۆ کرداری ڕۆشنە پێکهاتن پێویستی بە گەڵای سەوز نییە (دروستکردنی خۆراک لە دوانەئۆکسیدی کاربۆن و تیشکی خۆرەوە) چونکە بۆ وەرگرتنی خۆراک سوود لە ڕەگی ڕووەکەکانی دیکە وەردەگرێت. ئەو زیندەوەرانەی کە خواردن لە زیندەوەرانی دیکە (خانەخوێکان) دەبەن و زیانیان پێ دەگەیەنن، پێیان دەگوترێت مشەخۆر.



# سوبێر و
# ڕووەکە ئاودارەکانی دیکە

ڕووەکە ئاودارەکان ئەو ڕووەکانەن کە دەتوانن بەهۆی کۆکردنەوە ئاو لە گەڵا و قەدە گۆشتنەکانیاندا لە کەشوهەوایەکی وشکدا بە زیندوویی بمێننەوە. سوبێر یەکێکە لە بەناوبانگترین ڕووەکە ئاودارەکان و قەدەکەی شێوەی سەیرسەیری هەیە-هەر لە خڕەوە هەتاوەکو کۆمەڵێک لقی درێژ کە بە ئاسماندا چوون. بەزۆریی لە ناوچە شاخاویەکانی ئەمریکا بە خۆڕسکانە دەڕوێن، بەڵام تایبەت نین بە بیابانەکانەوە. درەختە ئاودارەکانی دیکە چەندین شێوەی جۆراوجۆریان هەیە و هەندێکیان زۆر لە سوبێر دەچن.





بەدوای گوڵە زەردەکاندا میوەیەکی سەوزی نەرم دروست دەبێت کە باڵندەکان دەیخۆن، بەمەش تۆوەکەی بڵاو دەکەنەوە.




### سوبێری ئەمریکی

ئەو سوبێرانەی کە زیاتر لە سوبێری ئەمریکی دەچن، لە ناوچە گیایی و وشکەکانی مەکسیک دەبینرێن. ئەم سوبێرە تاکو 70 سم (28 ئینچ) گەشە دەکات و ڕەگێکی مێخیی هەیە کە 30 سم( 12 ئینچ) گەشە دەکات تاوەکو بگات بە ئاو.

ئەو جۆرانەی کە دەچێنرێن لەگەڵ جۆرێکی دیکەی سوبێردا موتوربە دەکرێن بۆئەوەی باشتر گەشە بکەن.








### گوڵەباخی بیابان

ئەم ڕووەکە ئاودارە، لە بەردی خاکە وشەکەکانی ئەفریقا و و نیمچە دورگەی عەرەبی دەبینرێت، ئەم گوڵە شیرێکی ژەهراویی دەردەدات بۆئەوەی ئاژەڵە ڕاوکەرەکان لە خۆی دوور بخاتەوە. لە باروددۆخە گونجاوەکاندا، ئەم گوڵە تا بەرزی 2م ( 6.5 پێ) گەشە دەکات. ئەم گوڵە دەتوانێت لە وەرزە وشکەکانیشدا گوڵ بکات، تەنانەت ئەگەر گەڵاشی نەبێت.

### درەختی کۆکەربووم

ئەم درەختە لە زەویە وشکەکانی باشووری ڕۆژئاوای ئەفریقا گەشە دەکات و دەتوانێت بەرگەی چەند ساڵێک لە وشکەساڵی بگرێت. ئەم درەختە لە وشکەساڵیدا گەڵاکانی دەچنەوە یەک و زۆربەی ئاوەکەی لەدەست دەدات. درەختی کۆکەربووم تا چەند مەترێک درێژ دەبێت. پێشتر لقەکانی لەلایەن "سان"ەکانەوە بۆ دروستکردنی تیر بەکار هێنراووە.



درەختی کۆکەربووم

### دۆلاری زیوی (silver dollar)

یەکێک لە جوانترین سوبێرەکان دۆلاری زیوییە، وەک زۆربەی ڕووەکەکانی بیابانیش لە ژێر هەرەشەی لەناوچووندایە، بەهۆی ئەوەی خەڵکی دەیانبەن و لەناو نەمامگەکاندا بە مەبەستی فرۆشتن دەیانچێنن. دۆلاری زیوین لە باشووری ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و باکووری مەکسیک لە نێوان بەرد و لم و دەوەنەکاندا گەشە دەکات.



### بەردی زیندوو

لێچوونی لە بەرد، یارمەتی ئەم سوبێرە بێدڕکانە دەدات کە هەندێک لە ئاژەڵ نەتوانێت بیخوات، بەڵام هەندێک لە بزنەکان دەتوانن قوتی بدەن. ئەم ڕووەکە لەنێوان بەردەکانی باشوری ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و باکووری مەکسیک گەشە دەکات.

## دەرمانی سوبێر

سوبێری مێسکاڵ و پیۆتی ماددەی سرکەریان تێدایە. هەر لە سەردەمی ئازتیکیەکانەوە (مەکسیکیە کۆنەکان)، ئەم سوبێرە کۆکراوەتەوە و دواتر بە وشکیی و کاڵیی یان بە شێوەی شەربەت خوراوە و مرۆڤی تووشی مەستیی کردووە. لە کاتی کۆکردنەوەیدا تەنها بەشی سەرەوەی سوبێرەکە کۆدەکرێتەوە و ڕەگە گەورەکەی لەژێر زەوییەکە بەجێ دەهێڵێت، بۆئەوەی سوبێرەکە دووبارە گەشە بکاتەوە. ئێستا کۆکردنەوەی ئەم ڕووەکە لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و مەکسیک، قەدەغە کراوە.






ئەم سوبێرە بەهۆی دڕکەکانییەوە هەندێکجار پێی دەگوتریت سوبێری قولاپی.



بەرزیی هەنجیری دڕکاویی دەگاتە 12م (39 پێ)



هەنجیری دڕکاوی زەبەلاح ڕەگێکی درێژی بۆ کۆکردنەوەی ئاو هەیە، ڕەگێکیشی هەیە کە بەرەو قوڵایی ڕۆشتووە و لە زەویدا دەیچەسپێنێت.



## هەرمێی دڕکاوی

یەکێک لە سوبێرە ناسراوەکان، هەرمێی دڕکاوییە و لە چەندین وڵات ناسراوە. ئەم هەرمێ دڕکاوییەی تەکساس ڕووەکێکی باوی باخچەکانی باشووری ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکایە.گەڵاکانی هەرمێی دڕکاوی وەک پاڕنەی پێ خڕن و بەشێوەیەک دەوەستن کە نەکەون بەر تیشکی خۆر و ئەمەش بە فێنکی دەیانهێڵێتەوە.





## ماڵی زەبەلاح

هەنجیری دڕکاوی زەبەلاح لە بیابانەکانی باشووری ڕۆژئاوای ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و مەکسیک بووەتە ماڵ و پەناگەی چەندین ئاژەڵ و زیاتر لە تەلارە هەوربڕەکان دەچێت. وەک هەموو ڕووەکە هەمیشەییەکانی دیکەی بیابان بەهێواشیی گەشە دەکات. [هەنجیری دڕکاوی تاوەکو لقێک دەردەکات نزیکەی 40 ساڵی دەوێت. ئەو لایەی کە زیاتر بەر تیشکی خۆر دەکەوێت چینێکی مۆمیی ئەستورتری هەیە کە لە سووتان دەیپارێزێت. یەک هەنجیری دڕکاویی چەندین تەن ئاو لە قەدەکەیدا هەڵدەگرێت. [هەندێک لە هەنجیرە دڕکاوییەکان نزیکەی شەش تەن ئاو هەڵدەگرن.]

## سوبێرە سمێڵییەکان

کاتێک ئەم ڕووەکە پێدەگات، دڕکەکانی لوتکەی ڕووەکەکە گەورە و لوول دەبن و لە سمێڵ دەچن. دوای ئەمەش گوڵە پەمەییەکان دەردەکەون و پاشان شاتوویەکی سوور دروست دەکات. گوڵەکان لە کاتی شەودا دەکرێنەوە، بۆیە مێرووەکانی وەک "پەروانە" دەتوانن لە شیلەکەی بخۆن.



دیمەنی سەرەوەی سوبێری ژیشکی



## سوبێری ژیشکی

سوبێری ژیشکی بەهۆی دڕکە زۆرەکانییەوە ئەم ناوەی لێ نراوە. ئەم دانەیە لە بیابانەکانی باکووری ئەمریکاوە بۆ حەوزە گەورەکانی باشووری بیابانی چیهواهوان دەبینرێن. ئەم سوبێرە لە لاپاڵە بەردینەکاندا تاوەکو نزیکەی 15 سم (6 ئینچ) گەشە دەکات و لەدوای باران بارین گوڵی ڕەنگاوڕەنگ دەگرێت.



## سوبێر نییە

ئەم ئیوفۆربیایە کە لە سوبێر دەچێت، لە کەنارەکانی بیابانی عەرەبی بوونی هەیە. زۆربەی ئەو ئیوفۆربیایانەی کە لە ناوچە وشکەکان دەژین لە سوبێر دەچن، هەرچەندە بەشێک نین لە سوبێرەکان. هەردوو سوبێر و ئیوفۆربیا بەشێوەیەک پەرەیان سەندووە کە بە نەبوونی گەڵا و کۆکردنەوەی ئاو لەقەدە گۆشتنەکەیاندا خۆیان لە وشکەساڵیی دەپارێزن.

# مێرووەکان

مێرووەکان لەگەڵ زۆربەی سیستەمە ژینگەییە جیاوازەکاندا خۆیان گونجاندووە، بۆیە دۆزینەوەشیان لە بیابانەکاندا شتێکی سەیر نییە. وەک هەموو ئاژەڵەکانی تری بیابان، مێرووەکان رووبەڕووی کێشەی دۆزینەوەی ئاو و خۆراکی پێویست دەبنەوە. هەندێک لە مێرووە رووەکخۆرەکانی وەک کرمۆکەی پەپولە، ئەو رووەکە سەوزە تازانە دەخۆن کە لەدوای بارانبارین گەشە دەکەن، لە کاتە وشکەکانیشدا بەشێوەی هێلکە یان قۆزاخە (ئەو قۆناغەی کە کرمۆکە وردەوردە تێیدا دەگۆڕێت بۆ پەپولە) خۆیان دەهێڵنەوە و ڕزگاریان دەبێت. مێرووە تۆوخۆرەکانی وەک مێرووله دەراسەکان، ئەوەندە تۆو کۆدەکەنەوە کە بەشی وەزە وشکەکان دەکات، لەکاتێکدا مێرووله هەنگوینکۆکەرەوەکان، شەکر لەناو لەشی کارکەرەکانی کۆمەڵەکەیاندا کۆ دەبێتەوە. مێرووە ڕاوکەرەکان هەندێک ئاو لە نێچیرەکانیانەوە وەردەگرن. شەونم سەرچاوەیەکی گرنگی ئاوە بۆ مێرووەکان و هەندێک لە قالۆنچەکان ڕێگەی خۆیان بۆ کۆکردنەوەی ئاو هەیە. بۆ ڕزگاربوون لە وشکبوونەوەی بەر خۆر، زۆرێک لە مێرووەکانی بیابان، تەنها لە شەودا دێنە دەرەوە.



**مێرووله هەنگوینکۆکەرەوەکان**

ئەم مێرووە بەهۆی شیلە و شەکرەکانی دیکەوە وزگی زۆر ئاوساوە، ئەمەش وای کردووە نەتوانێت بجوڵێت و بە سەقفی هێلانەکەیەوە بچەسپێت. ئەم مێروانە خۆراک بۆ شارەکەیان دابین دەکەن. مێرووله هەنگوینکۆکەرەوەکان لە باکووری ئەمریکا و باشووری ئەفریقا و ئوسترالیا دەبینرێن و یەکێکن لە خواردنە نەریتییەکانی دانیشتوانە ڕەسەنەکانی بیابانەکانی ناوەڕاست.






زەردەواڵەی گەودرەوشاوە هەر وەک هەموو مێرووەکانی دیکە، لەسەر سەری دوو هەستەوەری هەیە.

شێرەمێلوورەی پێگەیشتوو





**شێرەمێروولەکان**

کرمۆکەی ئەم مێرووە باڵدارە پێی دەگوترێت شێرەمێرووله. ڕاستەوخۆ دوای ئەوەی لە هێلکەکەی دێتە دەرەوە، چاڵێک لەناو لمەکەدا هەڵدەکەنێت و خۆی تێدا حەشار دەدات و تەنها شەویلگەکانی بە دەرەوە دەبێت، پاشان چاوەڕێی مێرووبەکی دیکە یان مێروولەیەک دەکات، تاوەکو بیابەتە ناو چاڵەکەوە، کاتێک مێرووەکە هات، شێرە مێروولەکە دەیکێشێت بە لمەکەدا، تاوەکو مێرووەکە بخلیسکێتە ناوە چاڵەکەوە و دواتر بە شەویلگە بکوژەکانی دەیخوات.




**مێرووله دەراسەکان**

ئەم مێرووله چالاکانە، تۆو کۆدەکەنەوە تاکو لە گەنجینەی ناو هێلانەکانیاندا پاشەکەوتی بکەن. کاتێک مێروولەیەکی گەڕیدە سەرچاوەیەکی دەوڵەمەند بە تۆو دەدۆزێتەوە، بۆنێک لە بەشی سەرەوەی سکیەوە دەردەکات کە تا هێلانەکەی دەڕوات. دواتر مێروولەکانی تری ناو شارەکەی دوای ئەو ئاماژەیە دەکەون کە بۆیان نێردراوە، تاوەکو تۆوەکان بۆ هێلانەکەی خۆیان ببەن، پاشان مێروولەکان هەندێک لە تۆوەکە دەخۆن و هەندێکی فڕێی دەدەن، بەمەش یارمەتی رووەکەکان دەدەن لە بڵاوکردنەوەی تۆوەکانیاندا.

**زەردەواڵەی درەوشاوە**

لەم وێنەیەدا زەردەواڵەکە خەریکی ئاو خواردنەوەیە. زەردەواڵەی درەوشاوە یەکێکە لەو زەردەواڵانەی کە بەتەنها دەژین و وەک زەردەوڵەکانی دیکە بەکۆمەڵ ناژین. زەردەواڵە پێگەیشتووەکان خواردنیان لەسەر شیلەی گوڵەکانە، بەڵام زەردەواڵە بچووکەکان ئەوسیسرکانە دەخۆن کە مێینە پێگەیشتووەکان بۆیان ڕاو دەکەن. مێیەکە بە سیسرکەکەوە دەدات و ئیفلیجی دەکات، پاشان ڕایدەکێشێتە ئەو کونەوە کە هێلکەکانی تێدا داناوە. کاتێک هێلکەکان دەتروکێن، سیسرکە ئیفلیجە زیندووەکان دەخۆن.





## ئەو قالۆنچانەی لەسەر سەریان دەوەستن

ئەو شێیەی کە لە تەمی بەیانیانی بیابانی نامیبدا هەیە، لە پشتی ئەم قالۆنچەیەدا چڕ دەبێتەوە و دواتریش دەچێتە ناو دەمیەوە. ئەمەش تاکە ڕێگەی ئاوخواردنەوەی ئەم قالۆنچەیەیە. ئەم قالۆنچەیە شەوەکانی لە ژێر لمی بیابانەکەدا بەسەر دەبات، بەڵام ئەگەر شەوەکە تەم بێت، دێتە دەرەوە. بەهەمان شێوە قالۆنچە شەونمکۆکەرەوەکان لە بیابانەکانی دیکەشدا دەژین، وەک بیابانی واهیبە لە باشووری نیمچە دوورگەی عەرەبی کە تەمی کەناریی و شەونمێکی زۆری تێدایە. هەندێک لە قالۆنچە تاریکەکان بۆ کۆکردنەوەی شەونم کەلێنێک یان تەپۆلکەیەکی بچووک لە لمەکەدا دروست دەکەن.







## قالۆنچە تاریکەکان

ئەم قالۆنچەیە لە بیابانی نامیب دەژی، خواردنی لەسەر ئەو چڵوچێو و تۆوانەیە کە با بۆ سەر ڕووی تەپۆلکە لمینەکانی دەهێنێت. ئەمە جۆرێکی تایبەتە لە قالۆنچەی تاریک و ڕەنگی باڵەکانی سپییە. ئەمەش وا دەکات گەرمی بگەڕێنێتەوە و قالۆنچەکە بتوانێت زیاتر لە قالۆنچە ڕەشەکان بۆ کۆکردنەوەی خۆراک لەبەر خۆردا بمێنێتەوە.

## قالۆنچەی دۆمینەیی

خاڵە سپییەکانی سەر پشتی ئەم قالۆنچەیە، زەنگی ئەوەیە کە ئەم قالۆنچەیە چەکێکی کیمایی پێیە. ئەم قالۆنچەیە کاتێک مەترسی لەسەر بێت، ترشێک بەرەوڕووی هێرشکەرەکە دەردەپەڕێنێت، دوای ئەوە هێرشکەرەکە ناتوانێت هیچ قالۆنچەیەکی لەم جۆرە بخوات. لە ڕۆژدا قالۆنچەی دۆمینەیی لەژێر بەرد یاخود ئەو کونانەی لەلایەن ئاژەڵانی دیکەوە دروست کراون، خۆی مات دەدات، بەڵام لە شەودا بۆ ڕاوکردنی مێرووەکان و نێچیرە بچووکەکانی دیکە دێنە دەرەوە. ئەم قالۆنچەیە لە زەوییە وشکەکانی باکووری ئەفریقاوە بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەبینرێن.

# مێروو و هەشتپێکان



دواتر لۆکەسەکە باڵەکانی دەکاتەوە و دەست بە فڕین دەکات

مێرووە باڵدارەکانی وەک کوللە، بە مەبەستی دۆزینەوەی خۆراک و وەچەخستنەوە بۆ شوێنی دیکە دەفڕن. ئەو کوللانەی کە کۆمەڵ دەبەستن، دەشتەکین و بۆ دۆزینەوەی ڕووەک لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی دیکە دەفڕن. هەندێک لە مێرووەکانی وەک پەروانە، هێلکەکانیان لەسەر سەرچاوەی خۆراک دادەنێن، تاوەکو کاتێک بەچکە بچووکە بێباڵەکان هاتنە دەرەوە پێویستیان بەوە نەبێت، بۆ کۆکردنەوەی خۆراک لەو شوێنە دوور بکەونەوە. دووپشک و هاوشێوەکانی، جاڵجاڵۆکە وشترییەکان و دووپشکە کلک قامچییەکان، هەموویان هەشتپێن. هەشتپێکان جاڵجاڵۆکە ڕاستەقینەکان و گەنەکانیش دەگرێتەوە، ئەم کۆمەڵەیە باڵیان نییە، بەڵام هەندێکیان، وەک جاڵجاڵۆکە وشترییەکان، دەتوانن بەخێرایی ڕا بکەن.



بۆ فڕین، لۆکەسەکە بە باڵی داخراوەوە بازێکی بەهێز هەڵدەدات و هەتا بتوانێت بەرز دەبێتەوە

## خۆهەڵدانی لۆکەسەکان

ئەمیش وەک هەموو کوللەکانی دیکە لەدواوە دوو قاچی بەهێزی هەیە کە بۆ بازدان دەچەمێتەوە. ماسولکەکانی دەکەونە بەشی ناوەوەی ئێسکەپەیکەری دەرەکیی پێیەکانی و هەزاران جار لە هەمان بڕی ماسولکە لە مرۆڤدا بەهێزترە. کاتێک لە هەوادا دەفڕێت، باڵەکانی دەکاتەوەبە بەکارهێنانی هەردوو جووتە باڵەکەی دەفڕێت. لۆکەس دەتوانێت بۆ ماوەیەکی زۆر و بە خێرایی نزیکەی 35کم/کاتژمێر (22میل/کاتژمێر) بفڕێت، لەمەشدا هێزی با و باڵەکانیشی یارمەتی دەدەن.

## خۆونکردن

ئەم مڵەیەی بیابانەکانی هیندستان و پاکستان، بەهۆی بەکارهێنانی پێیەکانی بۆ هەڵکۆڵینی چاڵێک لەژێر خۆیەوە، دەتوانێت لە چرکەیەکدا لەناو لمەکەدا خۆی ون بکات، کۆتایی باڵەکانیشی لولن بۆئەوەی ڕێی لێ نەگرێت. ئەم مڵانە دەتوانن باڵەکانیان بەتەواوەتی بکەنەوە و بەباشی بفڕن.



پێیەکی ئەستێرەیی یارمەتی خۆشاردنەوەی مڵەکان لە لمەکەدا دەدات

## دووپشکی سەهەرا

دووپشکەکان تەنها کاتێک پێوە دەدەن کە گەمارۆ بدرێن یاخود بە هەڵە پێیان پێدا بنرێت. پێوەدانی ئەم دووپشکە 7سم (2.5 ئینج) یە، ئەوەندە بەهێزە کە دەبێتە هۆی مردنی کەسەکە. دووپشکەکان پێوەدان بۆ کوشتنی نێچیرەکانیشیان بەکار دەهێنن کە مێروو و جاڵجاڵۆکەکانیشی تێدایە. دووپشکەکان ئاوی تەواو لە نێچیرەکانیانەوە بەدەست دەهێنن، بۆیە پێویستیان بە ئاوخواردنەوە نییە. لە ڕۆژدا خۆیان لە کون یاخود لەژێر بەرددا دەشارنەوە (وەک ئەم جۆرە).



چرنووکەکانی بۆ گرتنی نێچیرەکانە

## شەڕی سەخت

جەنگێ نێوان جاڵجاڵۆکەی وشتری و دووپشک شەڕێکی بەرامبەرە، چونکە جاڵجاڵۆکەی وشتری شەویلگەیەکی گەورەی هەیە و لە هەمان کاتدا دووپشکەکە بەرگری لە خۆی دەکات بەهۆی بە چزووە بەهێزەکەیەوە. ئەگەر جاڵجاڵۆکەکە جزوی دووپشکەکەی بەر بکەوێت لە چەند خولەکیکی کەمدا دەمرێت، بەڵام بە کردار زۆربەی کاتەکان جاڵجاڵۆکەکە دەیباتەوە.



وەک هەموو جانەوەرە هەشتپێکان، جاڵجاڵۆکەی وشتری چوار جووت پێی هەیە

## پەروانەی زەمەق

گوڵەکانی ڕووەکی زەمەق لە باکووری ئەمریکا تەنها لەلایەن پەروانەی زەمەقەوە دەپەڕێنرێن. کاتێک پەروانەکە دەچێتە سەر ڕووەکەکە، هەڵاڵەکان هەڵدەگرێت و لەسەر پۆرگەکان دایان دەنێت (بەشی مێینەی ڕووەکەکە)، لە هەمانکاتدا پەروانەکە هێلکە لە ناو هێلکەدانی گوڵەکەدا دادەنێت، لەو شوێنەی کە تۆوی زەمەقەکانی تێیدا گەشە دەکات. کاتێک کرمۆکەکە هەڵدێت، تۆوی زەمەقەکە دەخوات و ئەوەندەش بەجێ دەهێڵێت کە کۆمەڵێک زەمەقی دیکەی لێوە گەشە بکات.




## زیانێکی کوشندە

ڕەوێکی گەورەی لۆکەسەکان، هەزاران ملیۆن لۆکەسی تێدایە، کاتێک دەنیشنەوە، لۆکەسەکان هەموو ڕووەکەکانی دەوروبەریان دەخۆن و زۆربەی کات هەموو بەروبوومەکانی کێڵگەیەک وێران دەکەن. هەر لۆکەسێک بە قەبارەی خۆی خواردن لە هەر ڕۆژێکدا دەخوات، لە کاتێکدا هەموو ڕەوەکە لەوانەیە نزیکەی 20000 تەن ڕووەک لە ڕۆژێکدا بخۆن.






## لۆکەسەکانی بیابان

کوللەی بیابانەکان و کوللە کۆچەرییەکان لە زەویە وشکەکانی ئەفریقا و ئاسیادا دەژین. ئەوان لە ڕەوەیەکدا یاخود وەک هەموو کوللەیەکی دیکە بە تاک دەژین. ئەوانەی بە تاک دەژین ڕەنگی جۆراوجۆریان هەیە و وەک کوللەکانی دیکە خۆراک بۆ خۆیان پەیدا دەکەن. ڕەوەکوللەکان لەدوای چەند وەرزێک لە بارانبارین دەردەکەون. کوللە بچوکەکان (کە پێیان دەگوترێت هاڕەرەکان hopper، چونکە ناتوانن بفڕن) لە هێلکەی ناو خۆڵەکانەوە هەڵدێن و بەیەکەوە کۆ دەبنەوە. پاشان کاتێک کە پێگەیشتن، دەفڕن و بۆ ئەو ناوچانە بڵاو دەبنەوەکە ڕووەکی زۆرە. لۆکەسەکان تەنها بە پرژاندنی دەرمانی قڕکەر کۆنترۆڵ دەکرێن (کە ئەوەش بۆ ژینگە زیانبەخشە)، بەڵام ڕەوەکان هەر دروست دەبنەوە، چونکە مەحاڵە هەموو تاکەکانیان بکوژێت.

## دووپشکە قامچیدارەکان

ئەم جۆرە کە نزیکە لە جاڵجاڵۆکە و دووپشکە ڕاستیەکانەوە، ناوەکەی لەو قامچییەوە وەرگرتووە کە لە کۆتایی لەشییەوە درێژ بووەتەوە. ئەم دووپشکانە لە ڕۆژدا خۆیان لەژێر بەرد و لەناو کونەکاندا دەشارنەوە و لە شەودا بۆ ڕاوکردنی نێچیرەکانیان دێنە دەرەوە. دووپشکی قامچیداری بیابان، لە مەکسیک و باشووری ڕۆژئاوای ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دەژین و زیاتر لە وەرزە باراناوییەکاندا چالاکن.




## کرمۆکە تەختەخۆرەکان



کرمۆکەی ئەم مێرووانە لەناو ڕەگی ڕووەکەکانی بیابانی ناوەندیی ئوسترالیادا زۆر دەبن، یەکێکە لە خواردنە سەرەکییەکانی دانیشتوانە ڕەسەنەکانی ئەو بیابانانە، کرمۆکەکە لەناو ڕەگی ڕووەکەکە دەردەهێنن و بەکاڵیی یان بەکوڵاویی دەیخۆن. ئەم کرمە تامێکی چەوری وەک چەرەساتی هەیە و لەڕووی بەهای خۆراکییەوە زۆر دەوڵەمەندە.

# خشۆکەکان

خشۆکەکانی وەک مار و مارمێلکە و کیسەڵەکان، بەباشیی لەگەڵ بیابانەکاندا دەگونجێن، چونکە پلەی گەرمی لەشیان لەگەڵ پلەی گەرمیی دەوروبەرەکەیاندا ڕێک دەخەن.
خشۆکەکان لە چاو باڵندە و شیردەرەکان وزەی کەمتر بەکار دەهێنن چونکە بەهۆی گەرمای دەرەوەوە وزەی گەرمی لەشیان ڕێک دەخەن. بۆیە خشۆکەکان کەمتر پێویستیان بە خۆراکە-کە پێداویستییەکی دەگمەنە لە بیابانەکاندا. بەکارهێنانی وزەی کەمتریش ئەوە دەگەیەنێت کە خشۆکەکان کەمتر هەناسە دەدەن لەچاو باڵندە و شیردەرەکان، ئەمەش یارمەتییان دەدات پارێزگاری لە ئاوی لەشیان بکەن. بەراورد بە وشکاوەکییەکانی وەک گابۆقەکان کە پێستیان پیارۆترە، پێستی خشۆکەکان زیاتر گونجاوە بۆ ژیانی ناو بیابان، چونکە پێستێکی پولەکەییان هەیە کە لە پاراستنی ئاودا یارمەتییان دەدات.



## جانتایی کیسەڵی

جانتای کیسەڵیی جانتایەکی گەورەیە کە لە قاوغی کیسەڵ دروستکراوە و لەلایەن ئافرەتانی هێریرۆوە لە نامیب بۆ هەڵگرتنی هەتوانە (مەلحەم) بۆندارەکان بەکارهێنراوە. کیسەڵەکان لەو گیاندارانەن کە بە هێواشی زۆر دەبن و ئەگەر ژمارەیەکی زۆریان لێ بکوژرێت لەوانەیە ڕووبەڕووی لەناوچوون ببنەوە.



ئەم ناوچە ڕەشە شوێنی باڵەکانی کۆبراکەیە، تەنها کاتێک دەیکاتەوە کە مەترسی لەسەر بێت یان شتێکی سەیر ببینێت.

## زماندەرهێنان

وەک هەموو مارەکانی دیکە، ماری دیادەم زمانی بۆ بۆنکردنی هەوا و زەوی بەکار دەهێنێت . دواتر بۆنەکە دەگوازرێتەوە بۆ ئەندامی هەستکردن کە لەبەشی سەرەوەی دەمییەتی و ماددە کیمیاییەکان جیا دەکاتەوە. مارەکە ئەم ڕێگەیە بەکار دەهێنێت تاکو بزانێت چی لە دەوروبەری ڕوو دەدات.



## کۆبرای پرژێنەر

کۆبرای پرژێنەری سوور، پێش ئەوەی ژەهرەکەی هەڵبدات، بۆ بەرگریکردن لە خۆی باڵەکانی فش دەکاتەوە (لاپەڕە 15). کاتێک هێرش دەکاتە سەر نێچیرەکەی کە زۆرجار خشۆک یان شیردەرە بچوکەکانە، کۆبراکە پێوەیان دەدات و ژەهرەکەی دەرژێنێتە ناویان. ئەم کۆبرایە وەک زۆربەی مارەکانی بیابان، لە کاتی شەودا ڕاو دەکات تاوەکو خۆی لە گەرمای ڕۆژ بپارێزێت.



## چاوی بریسکەدار

ئەو شامارەی کە بەشێکی پێستەکەی ڕەساسییە، چاوێکی گەورەی هەیە کە لە شەودا بۆ ڕاوکردن یارمەتی دەدات. خواردنی سەرەکی لەسەر مارمێلکەکانە، بەڵام مار و شیردەرە بچوکەکانیش دەخوات. وەک هەموو مارەکانی دیکە، وا دەردەکەوێت کە چاوی تێ بڕیبیت، چونکە پێڵوی چاوی نییە و چاویش ناتروکێنێت و پولەکەیەکی ڕۆشن چاوەکانی دەپارێزێت. ئەم مارە لە بیابانە دەوەنییەکانی باشووری تەکساسی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و مەکسیک دەژی.

## بەهێواشیی گەشە دەکەن

کیسەڵەکانی بیابان لە باشووری ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و بیابانەکانی مەکسیک بە مانەوەیان لە قاوغەکەی خۆیاندا، خۆیان لە گەرمای ڕۆژ دەپارێزن.
لە بەیانییەکی زوو یاخود ئێوارەیەکی درەنگ بۆ خواردنی ڕووەک و ئەو گوڵانەی کە ڕەنگیان نزیکە لە پرتەقاڵی و سوورەوە، دێنە دەرەوە. کیسەڵەکانی بیابان، تاوەکو پێدەگەن، 15 ساڵ یاخود زیاتریان دەوێت.



ئەگەر لە گەرمایەکی بەتیندا بێتە دەرەوە، ئەوا میزەڵدانی بەسەر قاچی دواوەیدا بەتاڵ دەکاتەوە، تاوەکو فێنکی ببێتەوە، هەروەها بە لیکیش سەر و ملی فێنک دەکاتەوە.

## سەری مار

شاماری بیابان توێژالیکی ڕەش سەری داپۆشیوە و درێژییان دەگاتە 1.5 م (5 پێ). ئەم مارە دەتوانێت ئەوە مارە زەنگۆڵەدارانە بکوژێت کە درێژییان دوو بۆ سێ ئەوەندەی ئەم دەبێت. ئەم مارە خۆی بەدەوری نێچیرەکەیدا لول دەکات. و دەیکوژێت. ماری-چەنگ خۆی بە دەوری قوربانیەکەدا دەئاڵێنێت و ژەهرەکەی لە کەڵبەکانییەوە دەردەدات کە دەکەونە بەشی پشتەوەی شەویلگەکەیەوە. بیلبیلەی چاوەکانی شێوەیەکی درزتێبووی هەیە کە لە شەودا وەک چاوی پشیلە دەکرێتەوە. شەوان ئەو چاوانە یارمەتی دەدات بۆ ڕاوکردنی مارمێلکە و مشک و شەمشەکوێرە لە هێلانەکەیدا. شیرییەمار ڕەنگێکی سپی هەیە کە لە مارە زۆر ژەهراوییەکانی مۆڵگە مەرجانییەکان دەچێت، بەهۆی ئەم ڕەنگەوە ئاژەڵەکانی دیکە ئاگادار دەکاتەوە و ئەوانیش بەجێی دەهێڵن.

## بەتەنیا جێم بهێڵە

ماری زەنگۆڵەدار دوژمنەکەی  بە دروستکردنی خشەخشێک بە بەشە بەتاڵەکانی کۆتایی پێستی کلکی، ئاگاردەکاتەوە، ئەمەش وەک فیشکەکردن پێویستی بە ئاو نییە. ئەگەر زیاتر هەراسان بکرێت، لەوانەیە پێوە بدات. ماری زەنگۆڵەدار وەک دایمۆندباکەی خۆرئاوای ئەمریکا، دوو کەڵبەی پێشەوەی هەیە کە بۆ پێشەوە دەجوڵێت، تاوەکو ژەهرەکەی دەر بدات.





## زەنگۆڵەداری ڕەش

مارە زەلگۆڵەدارەکانی ڕۆژئاوا (لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا) ژمارەیەکی زۆر ڕەنگی جیاوازیان هەیە. ئەم جۆرە ڕەشە زیاتر لە ناوچە شاخاوییەکانی بیابانی ئاریزۆنا دەژی. ئەو مارە زەنگۆڵەدارانەی کە لەم ناوچەیە، یاخود لە بیابانی حەوزی گەورەدا دەژین، لە وەرزە ساردەکاندا لەناو چاڵێکدا کۆ دەبنەوە.



شاماری بیابان لە باشووری ویلایەتە یەکگرتووەکانی و باکووری مەکسیک دەژی


ماری چەنگ لە کەنارەکانی بیابانی باشووری کالیفۆرنیا لە ئەمریکا و باجای باکووری کالیفۆرنیا و مەکسیک دەژی

کۆبرای سووری ژەهرفڕێدەر لە بیابان و مێرگەکانی باکوری ئەفریقا دەژی

ڕەنگە سپییەکەی ڕەنگە سەر لە ڕاوچییەکان بشێوێنێت یان بیانترسێنێت.

شیرییەماری سینالۆن لە کەنارەکانی بیابان و ژینگەکانی دیکەی ڕۆژئاوای مەکسیک دەژی





## ماری هۆگنۆس

ئەم مارە بەهۆی لمۆزییەوە ئەم ناوەی لێ نراوە. ئەم مارە تەنها لە مێرگەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و مەکسیک دەژی و خواردنی لەسەر شیردەر بچووکەکان و خشۆکەکان و هێلکەکانیانە. کاتێک لەژێر هەڕەشەدا بێت بە دەنگی بەرز فیشکە دەکات و سەر و ملی پان دەکاتەوە، ئەگەر هێرشکەرەکە بەردەوام بێت، مارەکە خۆی لوول دەکات و زمانی دەردەهێنێت و وا خۆی پیشان دەدات کە مردبێت، بەو هیوایەی کە هێرەشبەرەکە بەجێی بهێڵێت.

پولەکە سەریەکچووەکانی ژێر سکی، بۆ جوڵەی خێرا و گورجوگۆڵانە یارمەتی دەدات

# قۆڕیەکان

لە بیاباندا قۆڕیەکان ژمارەیان لە مارەکان زۆرترە، هەروەها دۆزینەوەیان ئاسانترە چونکە لە ڕۆژدا چالاکن، لە کاتێکدا زۆربەی مارەکان خۆیان حەشار داوە و تەنها لە شەودا دەردەکەون. لەدوای شەوە ساردەکانی بیابان، زۆربەی قۆڕیەکان حەزیان لێیە لە بەیانیەکی زوودا خۆیان بخەنە بەر خۆر، تاوەکو ماسولکەکانیان گەرم بکەنەوە. لە گەرمای ڕۆژدا دەکشێنەوە بەر سێبەری بەرد و ڕووەکەکان، یان دەچنە چاڵە قووڵە فێنکەکانەوە، یاخود بەزەحمەت دەچنە ناو دەوەنەکانەوە. زۆربەی قۆڕیەکانی بیابان ڕەنگیان دەگۆڕن تاوەکو لەگەڵ ڕەنگی دەوروبەرەکەیاندا خۆیان بگونجێن و لەلایەن ڕاوکەرەکانیانەوە نەبینرێن. پێستە درکاوییەکەیان وا دەکات هەندێکیان بۆ خواردن شیاو نەبن. هەندێک لە قۆڕیەکان کاتێک دەترسێندرێن، خۆیان بە شێوەیەکی تۆقێنەر پشان دەدەن و دەمیان دادەچەقێنن. گازگرتن لە ڕاوکەرەکان یەکێکە لە هەڵبژاردەکان، بەڵام زۆربەی قۆڕیەکان ڕاکردن هەڵدەبژێرن.



پولەکەی دڕکاوی سەر پەنجەکان

## قۆڕی پەنجە دڕکاوی

ئەم قۆڕییە خێرایانە، دەتوانن بەدرێژایی تەپۆڵکە لمینەکانی بیابانی سەهرا، ڕابکەن. لەسەر پێیەکانیان پولەکەی دڕکاوی هەیە کە ڕۆڵی پێڵاوی ناو بەفر دەبینێت و قورسایی قۆڕییەکە بڵاو دەکاتەوە و ناهێڵێت لە لمەکەدا نقوم بێت. بۆئەوەی لەو لمە گەرمەدا بە فێنکیی بمێنێتەوە، لەش و سەری لە خاکەکە دوور دەخاتەوە. کونەلوتی پێکهاتەیەکی شێوە زمانەیی هەیە کە ناهێڵێت لم بچێتە ڕێڕەوی هەناسەدانیەوە.



لەم شوێنەدا پولەکەکە دڕک دروست دەکات

ئەژدیها ڕیشدارەکان لە بەیانیاندا ڕەنگیان تۆخترە بۆئەوەی خۆر هەڵبمژن، دواتریش کە خۆر نەما ڕەنگیان کاڵ دەبێتەوە.

ئەوە ئەو چینە پێستەی ژێر پولەکەکانە کە ڕەنگی دەگۆڕێت.

## ئەژدیهای ڕیشدار

ئەم قۆڕییە گەورەیە، ئەژدیهای ڕیشدارە کە لە بیابانە وشکەکانی ئوسترالیا دەژی و پێستێکی دڕکاوی هەیە تاکو لە ڕاوکەرەکان بیپارێزێت. ئەو ڕیشەی ژێر چەناگەی دەتوانێت زیاتر بەرز بێتەوە تاوەکو ترسناکتر دەربکەوێت. ئەم ئەژدیهایە خواردنی لە سەر چەند شتێکی جیاوازە، لەوانە مێرووەکان، هێلکەی باڵندە، شیردەرە بچووکە تازە لەدایک بووەکان و هەندێک لە ڕووەکانەی کە شەونم کۆ دەکەنەوە. ئەژدیها ڕیشدارەکان لە بەیانیانێکی زوو و ئێوارانێکی درەنگدا چالاک دەبن، لە کاتی گەرمای ڕۆژدا دەچنە ناو دەوەنەکانەوە چونکە فێنکترە.



## گابۆقی قۆچدار

سەرەڕای ناوەکەی، ئەم گیاندارە قۆڕیە نەک گابۆق و لە بیابانەکانی باکووری ئەمریکا دەژی. بەردەوام لەسەر شارە مێرووەکان دادەنیشێت و مێرووە دەخوات، ڕەنگە بۆرەکەشی یارمەتی دەدات کە لەگەڵ ڕەنگی زەوی بیابانەکەدا تێکەڵ بێت و بەزەحمەت بناسرێتەوە. گابۆقە قۆچدارەکان خۆیان بە زەوییەوە دەنووسێنن تاوەکو لە هەر سێبەرێکی ناسراو خۆیان بپارێزن. پێستە دڕکاوییەکەشیان ڕێگەیەکی ترە بۆ بەرگریکردن. ئەم قۆڕییە ئەگەر هێرشی بکرێتە سەری خوێن لە چاوی دەردەدات، تاوەکو هێرشکەرەکە بوەستێنێت.



ڕەنگەکان ئەوە دەردەخەن کە ئەم ئاژەڵە ژەهراوییە



هەر وەک قۆڕی کلک دڕکاوی، کلکی ئەمیش چەوری کۆ دەکاتەوە.

## ئەژدیهای جیلا

ئەژدیهای جیلا یەکێکە لەو دوو قۆڕییەکەی جیهان کە گازگرتنەکەیان ژەهراوییە. گازگرتنەکەیان بەدەگمەن دەبێتە هۆی مردنی مرۆڤ، بەڵام ئازارێکی ئێجگار زۆری هەیە. ئەژدیهای وشکانیی لە بیابانە دەوەنییەکانی مۆگاڤی و سۆنۆران دەژی. ئەژدیهای جیلا بەزۆری لە شەودا چالاک دەبێت و خواردنی لەسەر شیردەرە بچووکەکان و مار و قۆڕییەکانی دیکەیە.

## ئەمە سەرە یان کلک؟

شنگلباک لە بیابانەکانی ئوسترالیا دەژی و کلکێکی ئەستووری هەیە کە وەک سەر وایە، ئەمەش وا دەکات ڕاوکەرەکەی نەزانێت لە کام سەرەوە پەلاماری بدات. ئەگەر ڕاوکەرەکە لەجیاتی سەرە بێدەسەڵاتەکەی پەلاماری کلکی بدات، شنگلباکەکە دەسووڕێتەوە و گاز لە دوژمنەکەی دەگرێت. شنگلباک چەندین خۆراکی جۆراوجۆر دەخوات، لەوانە مێروو و هێلکەشەیتانۆکە و میوەکان.



حەرباکان بەباشی بەسەر شتەکاندا هەڵدەزنن، کلک و ئەو پەنجانەشیان کە ڕووی لە خوارەوەیە، بۆ گرتنی ڕووەکەکە بەکار دەهێنن.

## حەربا

ئەم حەربایە لەسەر قەدی ڕووەکی وێلویتشیا لە بیابانی نامیب دانیشتووە. حەربا و قۆڕییەکانی تریش حەزیان لە ڕووەکەکانە، چونکە مێرووەکان خۆیانی لە ژێر حەشار دەدەن، ئەمانیش بە دەرهێنانی زمانە درێژەکەیان کە بەشی سەرەوەی لینجە، مێرووەکان دەگرن و دەیانخۆن.

## هێلکەی قۆڕیەکان

ئەمە هێلکەی قۆڕیە ڕەنگاوڕەنگەکانی (eyed lizard) باکوری ئەفریقایە. ئەم قۆڕیە زیاتر لە 20 هێلکە لە بیابانە لمینەکان دادەنێت کە دوو بۆ سێ مانگ دوای ئەوە هەڵدێت. ئەم قۆڕیە زیاتر لە 60 سم (2 پێ) درێژە و خواردنی لەسەر مێرووەکان و شیردەرە بچووکەکان و خشۆکەکانی دیکەیە.








## قۆڕی کلکدڕکاوی یاخود (dab)

یەکێک لە پتەوترین قۆڕیەکانی سەهرا، قۆڕیی ئەفریقی کلک دڕکاوییە کە بەرگەی گەرمای زۆر دەگرێت و دەتوانێت بە ئاوێکی زۆر کەمیش بژی کە لە شەونم و رووەک و مێرووە کەمانەوە وەری دەگرێت کە دەیانخوات. ئەم قۆڕیە لە کاتی ڕۆژدا چالاکە بەڵام بە مانەوە لە چاڵە قووڵەکانەدا خۆی لە گەرمای نیوەڕۆ دەپارێزێت. ئەم قۆڕییە ئەگەر شوێنی بکەویت، ڕادەکات بۆ درزە بەردینەکان و بە کلکە دڕکاویەکەی دەمی درزەکە دادەخات. ئەو وزەیەی لە کلکە قەڵەوەکەیدا کۆی کردووەتەوە یارمەتی دەدات تاوەکو بەرگەی نەمانی ڕووەکەکان و وشکەساڵیی بگرێت.

## ئەهریمەنی دڕکاوی

لەشە دڕکاوییەکەی ئەم قۆڕیە لە هێرشی گیانەوەرانی دیکە دەیپارێزێت، ئەم گیاندارە لە بیابانەکانی ئوسترالیادا دەژی و هاوشێوەی گابۆقی قۆچدار لەسەر مێروولە دەژی. ئەهریمەنی دڕکاوی ئاوی باران یاخود شەونمەکان لە پشتیدا کۆ دەکاتەوە، هەروەها لە پشتیدا ڕێڕەوێک هەیە کە ڕاستەوخۆ دەیبات بۆ دەمی. ئەم قۆڕیانە بە مۆڵۆخ ناسراون کە خواوەندێکی سامییەکانە.






## لۆچی دڕ

ئەم قۆڕیە لۆچدارە لە بیابانەکانی ئوسترالیا دەژی، لەکاتی بوونی مەترسییەکدا پەڕەیەکی وەک تارا بە دەوری ملیدا بڵاو دەکاتەوە و وای لێ دەکات گەورەتر دەربکەوێت و دوژمنەکانی بترسێنێت. پەڕەکە ماددەیەکی باریکی وەک چیلکە پاڵپشتی دەکات (کە لە چەتر دەچێت) و بە ئێسکێکەوە بەستراوە کە لە بنکی زمانیدایە. کاتێک تووڕە دەبێت، شەویلگەکانی دەکاتەو و بەمەش ڕاستەوخۆ پەڕەکان دەکرێنەوە و ئەگەر دوژمنەکەی نەکشێتەوە، قۆڕیەکە لێی هەڵدەگەڕێتەوە و گازی لێ دەگرێت.

## قۆڕی یەخەدار

کاتێک بۆبەرگریکردن دەوەستێت، قۆڕی یەخەدار دەمی زۆر دەکاتەوە، ئەگەر بێزاریش بکرێت، گاز دەگرێت. پێشئەوەی گاز لە هەر هێرشکەرێک بگرێت، بەسەر ئەو بەردەکاندا باز دەدات. قۆڕی یەخەدار ڕاوکەرێکی بەتوانایە، لە ڕۆژدا مێروو و مشک و مار و قۆڕیە بچوکەکانی دیکە ڕاو دەکات. ئەم قۆڕییە ئەوەندە بەهەڵمەتە کە تەنانەت لە هەواشدا باز دەدات بۆ گرتنی ئەو مێروانەی کە لە فریندان.

# باڵندەکان



## بازە پەڕجوانەکان

بازی مامناوەندی ئەفریقیی، کاتێک پەڕی باڵەکانی بڵاو دەکاتەوە، ئامادەیە بۆ هێرشکردن. ئەم جۆرە بازە لە بیابانەکانی سەهرا لە دەوروبەری کونیلە ئاوەکان باڵندەی بۆڵەبۆڵکەر ڕاو دەکەن. بازەکان لە بەرزییەکی زۆرەوە نێچیرەکانیان دیاری دەکەن و پاشان هێرش دەبەن و لە هەوادا یاخود لەسەر زەوی دەیان گرن. بازەکە بە چڕنوکە تیژەکانی نێچیرەکەی دەگرێت، لەهەمان کاتدا بە دەنوکی گۆشتەکەی دەپچڕێنێت. ئەم بازانە قۆڕیەکان دەگرن و پەلاماری لۆکەسەکانی سەر زەویش دەدەن. بەهۆی شارەزاییە نایابەکەیان لە ڕاوکردندا، بەناوبانگن بەوەی کە ڕاهێنانیان پێ دەکرێت بۆ راوکردن. ئەم بازە سێ بۆ چوار هێلکە لەسەر لێوارە بەردینەکانی لاپاڵی بیابان دادەنێت.

چەندین باڵندەی جۆراوجۆر لە بیابانەکاندا دەژین. هەندێکیان وەک کوندەپەپوی جنۆکەی بچوک، نیشتەجێی هەمیشەیین، لەکاتێکدا ئەوانی دیکە، وەک توتی پۆپنەدار تەنها گەشتیارن و بۆ خواردن دەگەڕێن. باڵندە گۆشتخۆرەکانی وەک باز، پێویست ناکات ئاو بخۆنەوە چونکە ئاوی پێویست لە نێچیرەکانیانەوە وەردەگرن، لەکاتێکدا باڵندە تۆوخۆرەکان، وەک بۆڵەبۆڵکەری زەوی، خۆراکێکی وشکیان هەیە و ڕۆژانە پێویستە ئاو بخۆنەوە. لەبەرئەوەی ڕووەک کەمە، باڵندەکانی بیابان تەنها لەو شوێنانەدا دەژین کە دەتوانن هێلانە دروست بکەن. زۆربەی باڵندەکانی وەک نەعامە، هێلانەکەیان لەسەر زەوی دروست دەکەن، بەڵام بەچکەکانیان مەترسی پەلاماردانیان لەسەرە. باڵندەکانی دیکەی وەک 'ڕاکەرە'، لەسەر دەوەنەکان هێلانە دروست دەکەن، لە کاتێکدا دارکونکەرەکان هێلانەکانیان لەسەر کونی سوبێرەکان دروست دەکەن. باڵندەکان لەهەر جێیەک بۆیان بگونجێت، بە دوای سێبەردا دەگەڕێن، بۆ هەندێکیشیان فڕین لە بەرزیدا مانای هەڵهاتنە لە گەرمای بیابان. باڵندەکان پلەی گەرمیی لەشیان بەرزترە لە شیردەرەکان، بۆیە دەتوانن بەرگەی پلەی گەرمی بەرزتر بگرن، ئەوان ئارەق ناکەنەوە و لە جیاتی ئەوە هەناسەبڕکێ دەکەن و قورگیان دەلەرێننەوە، تاوەکو ئاو لەناو بۆری هەواییاندا ببێت بە هەڵم و یارمەتیان بدات لە فێنکبوونەوەدا.




## توتی پۆپنەدار

توتی پۆپنەدار جۆرێکی توتیە لە ئوسترالیا. ئەم توتییە زۆربەی کاتەکانی بەجووت (لەگەڵ مێیەکەیدا) دەژی، هەموو ساڵێکیش بۆ هەمان هێلانە دەگەڕێتەوە کە لێی بووە. ئەم توتیانە وەچەخستنەوەیان بەپێی بارودۆخەکە ڕێک دەخەن، لە ساڵە باشەکاندا پێنج هێلکە دادەنێن لەو ساڵانەشدا کە وشکەساڵییە یان هێلکە دانانێت یان تەنها یەک بۆ دوو هێلکە دادەنێن. کاتێک بەچکەکان هەڵدێن زۆر لاوازن و خواردنیان بە یەقدانەوەی تۆو دەست دەکەوێت. لەدوای وەرزی وەچە خستنەوە، ئەم توتیانە بۆ هەر شوێنێک بڵاو دەبنەوە کە تۆو و سەلک و میوەی لێ بێت. ئەوان دەنوکێکی بەهێزیان هەیە بۆ شکاندنی خۆراکەکەیان. ئەم توتیانە باڵدارێکی باشن و پۆلە گەورەکانیان کە لە 100 باڵندە یان زیاتر پێک هاتووە و دەتوانن لە ڕۆژێکدا 100 کم (60 میل) یان زیاتر ببڕن.

## ڕاکەرە roadrunner

وەک لە ناوەکەیدا دەردەکەوێت، ئەم باڵندەیە زیاتر حەزی لە ڕاکردنە نەک فڕین.



لە بیابانە دەوەنییەکانی سنۆران و مۆجەف و چیهواهوان دەژی. دوای شەوە ساردەکان، لە بەیانییەکی زوودا خۆیان بەر خۆر دەدەن تاوەکو گەرم ببنەوە، بەڵام کاتێک خۆرەکە گەرمتر دەبێت، بەرەو دەوەنەکان دەچن چونکە لە زەویەکە فێنکترە.



## وەک ئیسفنج

نێرەی بۆڵەبۆڵکەرەکان پەڕێکی تایبەتی لەسەر سکیان هەیە کە دەتوانێت وەک ئیسفنج ئاو هەڵبمژێت. بەم شێوەیە ئاو لە حەوز و کانیەکانەوە هەڵدەگرن و دەیبەن بۆ بەچکەکانیان، بەچکەکانیش بۆ ئاو خواردنەوە دەنووک لە پەڕەکانی سکی باوکیان دەدەن. هەردوو باوانەکە ڕابەری بێچووەکانیان دەکەن بۆ دۆزینەوەی خۆراک.



نەعامە تازەکان قاوەییەکی تۆخی خاڵخاڵن، ئەمەش یارمەتییان دەدات لەگەڵ ڕەنگی بیابانەکەدا تێکەڵ ببن

## بەچکە جیرەکان

بەچکەکانی نەعامە، هەر ماوەیەکی کەم دوای هەڵهاتنیان، دەتوانن ڕابکەن، هەروەها لەوانەیە دووریەکی زۆر بۆ دۆزینەوەی ئاو و خۆراک دەبڕن. بەچکەی هێلانە جیاوازەکان زۆرکات پێکەوە کۆ دەبنەوە و یەک یان دوو نەعامەی پێگەیشتوو ڕێبەرییان دەکەن و لە ماوەی ساڵێکدا وەک نەعامە گەورەکان درێژییان دەگاتە (2.5م-8پێ). نەعامە گەورەترین باڵندەیە و هێلکەکەشی لە ڕووی بارستاییەوە گەورەترین خانەیە.



پەڕی سکی نێرینەی بۆڵەبۆڵکەر ئاو لەنێوان مووە وردەکانی توکی پەڕەکاندا کۆ دەکاتەوە.